# فریشتەی سەر تەختەڕەش

شانۆگەری



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

کاج هیمیلستراب

# فریشتەی سەر تەختەڕەش

شانۆگەری

و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف



ناوی کتێب: فریشتەی سەر تەختەڕەش – شانۆگەری
نووسینی: کاج هیمیلستراب
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٠٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٧٠ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## ئەكتەرەكان

* ژنێکی گەنج

* پیاوێکی چل ساڵ

* سەربازێک

سێ کارەکتەر ڕووداوەکانی شەڕ کۆیان دەکاتەوە

شـــوێن: دیمەنـی تەویلە یـاخـــود کـــایەنێکی بچـــووک لە نـاوچەیـەکی شاخاوی دووردا

# ئەکتی یەکەم

پیاوە چل ساڵانەکە لەسەر سندووقێک دانیشتووە و کامێرایەک پاک دەکاتەوە یان تاقی دەکاتەوە. کامێراکە دەخاتە نێو جانتایەک و کامێرایەکی تر دەردەهێنێت. جارجار سەرێک بەرز دەکاتەوە و گوێ ڕادەدێرێت. لەپڕ کامێراکە دەخاتەوە شوێنی خۆی و لەنێو پێیەکانی دەیشارێتەوە. پیاوەکە جانتای یەکەم و جانتای دووەم هەڵدەگرێت و ون دەبێت. پاش کەمێک وەستان دەموچاوی ژنە گەنجەکە لە درزی دەرگاکەوە دەردەکەوێت. ژنەکە بە ترسەوە دێتە ژوورەوە و جانتایەکی بچووکی سەفەری بەدەستەوەیە. ئەو تەماشای چواردەوری خۆی دەکات. ئەوە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە پێشتر ئەم ژنە ناو ئەم تەویلەیەی نەبینیوە.

هەروەها ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو ژنە ماندووە و تەنانەت دەشترسێت. بەهۆی چریکە و هاوارەکەیەوە پیاوەکە دەردەکەوێتەوە..



**پیاو:**

تۆ کێی؟

ژنەکە *لە ڕاستیدا هیچ تێناگات.*

**پیاو:**

تۆ تێناگەی؟

ژنەکە *تا ئێستاش دەترسێت و وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ دەتوانی بە ئینگلیزی قسە بکەیت. وا نییە؟

ژنەکە *وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

من بڕوام وایە تۆ دەتوانی. زۆرێک لەو خەڵکانەی لە تەمەنی تۆدان دەتوانن بە ئینگلیزی قسە بکەن.

ژنە وەڵام *ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ خەڵکی کوێی؟

وەڵام نییە.

**پیاو:**

تۆ تێگەیشتی کە من چیم وت. وا نییە؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

تۆ خەڵکی کوێی؟ ئاتامانیا؟

*ژنە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ تەنیایت؟

**ژن:**

من.... من...." دەگەڕێتەوە بۆ لای دەرگاکە".

**پیاو:**

مەڕۆ. تۆ لێرە پارێزراوی.

**ژن:**

لەو بڕوایەدام من....

**پیاو:**

مەترسە.

**ژن:**

تۆ کێی؟

**پیاو:**

من ئازارت نادەم، چونکە من سەرباز نیم.

*ژنەکە ڕوو دەکاتەوە دەرگاکە.*

**پیاو:**

تۆ پێویستە بمێنیتەوە.

**ژن:**

تۆ خاوەنی ئەم تەویلەیەی؟



**پیاو:**

ئاسایی وەریگرە. کەس ئازاری تۆ نادات.

*پیاوەکە باوەشی دەکاتەوە وەک ئەوەی بڵێت کە من ئازاری کەس نادەم.*

**پیاو:**

تکایە بۆچی دانانیشیت؟" ئیشارەت دەکات بۆ سندووقەکە".

ژنەکە هەر بەپێوە دەمێنێتەوە.

**پیاو:**

تۆ پێشتر نەهاتوویتە ئێرە، وا نییە؟ نەهاتوویتە ئەم ناوچە لادێیە؟ ئەم هەرێمە؟

*ژنەکە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ هاتوویت بۆ ئەوەی خۆت بشاریتەوە، وا نییە؟

*ژنە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ لێرە پارێزراوی. بەڕاستمە. بۆ دانانیشیت. تۆ ماندوو دیاری.

*ژنەکە هەر بە وەستانەوە دەمێنێتەوە.*

**پیاو:**

تۆ دەتەوێ هەڵبێیت، وا نییە؟ دەتەوێ هەڵبێیت.

*ژنەکە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ ناتەوێت هیچ بە من بڵێیت؟

ژنە وەڵام *ناداتەوە.*

**پیاو:**

ئۆکەی، شەڕ لەئارادایە، تۆ متمانەت بە من نییە؟ وا نییە؟

**ژن:**

گەر من بڕۆم..........

**پیاو:**

بەڵێ؟

**ژن:**

تۆ دوای من ناکەویت گەر بڕۆم؟

**پیاو:**

تۆ پێویست ناکات بڕۆی. تۆ لێرە پارێزراویت.

*" کەمێک وەستان. پیاوەکە تەماشایەکی ژنەکە دەکات. ژنەکە چاوەکانی دادەخات".*

**پیاو:**

تۆ دەتەوێ هەڵبێیت. ئەوە ئاشکرایە. تۆ ناتوانی شێتم بکەیت.

**ژن:**

من هەوڵ نادەم هەڵبێم.

**پیاو:**

ئایا تۆ تەنیایت؟

ژنە وەڵام *ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ متمانەت بە من نییە. وا نییە؟



**ژن:**

من نازانم تۆ کێی؟

**پیاو:**

مەترسە. بانگی پۆلیس ناکەم. من بۆیە پرسیارم کرد لەبەرئەوەی ڕەنگە یەکێک لە دەرەوە چاوەڕێ بکات.

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

مێردەکەت؟

ژنە *سەری "نەخێر" ڕادەوەشێنێت.*

**پیاو:**

کەواتە هاوڕێیەکتە؟

**ژن:**

نە هاوسەر و نە هاوڕێ.

**پیاو:**

متمانەت پێ بکەم؟

**ژن:**

ئەگەر من مێردم هەبوایە..........

**پیاو:**

بەڵێ؟

**ژن:**

من هەر لە سەرەتاوە دەڕۆیشتم.

**پیاو:**

بەڵێ..... بێگومان...... هاوسەرت نییە.

**ژن:**

نە هاوڕێ و نەکەس.

**پیاو:**

ئایا مێردەکەت کوژراوە.

ژنە وەڵام *ناداتەوە.*

**پیاو:**

ببوورە نەدەبوو ئەو پرسیارەم بکردایە.

**ژن:**

تۆ بە هێبیسی قسە دەکەی. ئایا هێبیسیا وڵاتی تۆیە؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**ژن:**

ئایا من پارێزراوم........؟ پارێزراوم لە......... تۆ دەزانی؟

**پیاو:**

من پێت دەڵێم. تۆ سنوورەکەت بڕیوە. شتێک نییە تۆ لێی بترسیت. تۆ ئێستا لە هێبیسیای. خاکێکی بێلایەن. دەزانی کە بێلایەنین؟ ئێمە بەشێک نین لە جەنگەکە.

*پیاوەکە ئاماژەی بۆ ژنەکە کرد کە دابنیشێت وەک کەسێکی بانگێشتکراو، بەڵام ئەو هەر بەپێوە مایەوە.*

**ژن:**

ئایا تۆ خاوەن ماڵی؟



**پیاو:**

گرینگ نییە من کێم.

**ژن:**

ئەگەر تۆ خاوەنی ئەم تەویلەیە نیت.......................

**پیاو:**

مەترسە. من پیاوی وڵاتی ئێوە نیم. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دوژمنیشت نیم. من خەڵکی هێبیسیام.

**ژن:**

ئێمە لە کوێین؟

**پیاو:**

لە ناو چیاکاندا‌ین.

ژنەکە *بەگومانەوە تەماشای پیاوەکە دەکات.*

**ژن:**

لە تەویلەدا..........

*پیاوەکە بە بێباکییەکەوە شان هەڵدەتەکێنێت و بزەیەکی گاڵتەجاڕییانە دەیگرێت.*

**پیاو:**

من گاڵتە ناکەم. ئەم شوێنە ناوی نییە. ئێمە لە هەموو شتێکەوە دوورین. هەروەها زۆر دوورین لە مەیدانی جەنگەکەوە.

**ژن:**

مەیدانی جەنگ؟

**پیاو:**

تۆ دەزانی، شوێنێک هەیە بۆ ئەوەی سەربازەکان تیایدا بجەنگن. هێڵی پێشەوەی جەنگ.

**ژن:**

ئێرە بەرەی پێشەوەی شەڕ نییە.

**پیاو:**

ئێرە بەرەی پێشەوەی شەڕ نییە؟ بۆ ماوەی دوو ساڵ لێرە شەڕ بەردەوام بوو، بێگومان ئێرە بەرەی پێشەوەی شەڕە.

**ژن:**

نا.

**پیاو:**

نا؟

**ژن:**

شەڕ بەتەواوی کۆتایی هاتووە.

پیاوەکە بە کەمێک بیرکردنەوەوە *تەماشای* ژنەکە دەکات.

**ژن:**

ئێستا دەتوانم بڕۆم؟

**پیاو:**

پێویستە نەڕۆی. ئێمە زۆر لە سەر سنوورەوە نزیکین، ڕەنگە ترسناک بێت گەر بچینە دەرەوە. تۆ شانست هەبوو..... گەر تۆ هەر دەتەوێ بڕۆی، چاوەڕێ بکە تا تاریک دادێ. دوای ئەوە............



*پیاوەکە جارێکی تر ئاماژەی دا بە سندووقەکە بۆ ئەوەی ژنەکە دابنیشێت لەسەری. تا ئێستاش ژنەکە لە شوێنەکەی خۆی وەستاوە و جانتاکەی بەدەستەوەیە. ئێستا ژنەکە بەرەو سندووقەکە دەڕوا و لەسەری دادەنیشێت.*

**پیاو:**

داوای لێبووردن دەکەم کە ناتوانم هیچت بۆ داوا بکەم. نە خواردن هەیە نە خواردنەوە.

**ژن:**

ئەمە ماڵی تۆ نییە؟

**پیاو:**

نا. ئەمە تەویلەیە. من لێرە ناژیم.

**ژن:**

کێ لێرە دەژی؟

**پیاو:**

کەس لێرە ناژی. ئێرە تەنها تەویلەیەکە.

**ژن:**

تۆ دڵنیای؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**ژن:**

تۆ بۆ لێرە گیرساویتەتەوە؟

پیاوەکە وەڵامی *نەدایەوە.*

**ژن:**

مەبەستم ئەوەیە لێرە کار دەکەیت؟

**پیاو:**

من ئێستا کار ناکەم.

**ژن:**

ئەی بۆ نەڕۆیشتی؟

**پیاو:**

ئەو کاتەی کە تۆ هاتیتە ژوورەوە. من لەسەر ڕۆیشتن بووم.

**ژن:**

ڕۆیشتن بۆ ماڵەوە؟

**پیاو:**

وام نیاز بوو

**ژن:**

تۆ ماڵت لەم نزیکانەیە؟

پیاوەکە وەڵامی *نەدایەوە.*

**ژن:**

ماڵت نییە؟

**پیاو:**

با، هەمە.

**ژن:**

بۆ ئێستا ناگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە؟



**پیاو:**

باشە.... من لەو بڕوایەدام ئەمە لەبەر هۆکارێکی زۆر سادەیە. تۆ ناتوانی کەسێک جێ بهێڵی کە پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە، دەتوانی؟

**ژن:**

تۆ یارمەتیم دەدەی؟

**پیاو:**

بێگومان. من حەزم دەکرد بزانم تۆ کێی.

**ژن:**

دەڵێم. (*پاش کەمێک وەستان*) من ناوم "مانا"یە.

**پیاو:**

مانا. تەنیایت و شووت نەکردووە.

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

ڕەنگە هاوڕێی کوڕت هەبێت.

ژنەکە وەڵام *ناداتەوە.*

**پیاو:**

ئۆکەی. ئەوە کاری من نییە، وا نییە؟

**ژن:**

تۆ کێی؟

**پیاو:**

"کەمێک سڵ دەکاتەوە" جۆن.

**ژن:**

چۆن؟

**پیاو:**

بەڵێ. دایک و باوکم ئەم ناوە ئینگلیزییەیان لێ ناوم.

**ژن:**

ئێ. دوایی؟

*پیاوەکە تەماشای ژنەکە دەکات و لێی تێ ناگات.*

**ژن:**

ئێستا دەتەوێ چی بکەیت؟

*پیاوەکە وەڵام ناداتەوە.*

**ژن:**

ماڵەکەتم بدەرێ.

**پیاو:**

پێم باشە.

**ژن:**

لە کوێیە؟

*پیاوەکە وەڵام ناداتەوە.*

**ژن:**

ئێستا؟



**پیاو:**

ئایا تۆ ئێستا زۆر ماندوو نیت؟

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

ئێستا نابێ بڕۆین. وەک پێم وتی دەبێ تاریکی دابێت.

**ژن:**

بۆچی؟

**پیاو:**

لەبەرئەوەی دەردەکەوین.

**ژن:**

دەردەکەوین؟

*پیاوەکە دەستەکانی بەرز دەکاتەوە وەک ئەوەی بە دووربین تەماشا بکات.*

**پیاو:**

سەیرکە، ڕەنگە ئەوان لە سەر سنوورەکە بن و دوامان بکەون. کەسیش نییە فریامان بکەوێت.

*ژنەکە سەری تێگەیشتن دەجوڵێنێت. پاش کەمێک جانتاکەی دەکاتەوە. چاوێک بەناو جانتاکەدا دەخشێنێت. لاپەڕەیەکی لوولکراو و هەندێ پسکیت دەردەهێنێت. لاپەڕەکە دەکاتەوە و داوا لە پیاوەکە دەکات پسکیت بخوات.*

**پیاو:**

نا سوپاس.

*ژنەکە دەست ناگێڕیتەوە.*

**پیاو:**

برسیم نییە.

**ژن:**

تەنها یەک دانە.

**پیاو:**

ناتوانم.

**ژن:**

بەڵێ دەتوانی......... نایخۆم هەتا تۆ نەیخۆی.

*پیاوەکە یەک دانە پسکیت وەردەگرێت. هەردووکیان پسکیت دەخۆن. لەپڕ شتێک بە وێنەی خوێن لەو شوێنەی کە پێشتر ژنەکەی لێ دانیشتبوو دەرکەوت.*

**ژن:**

چی ڕووی داوە؟

*پیاوەکە نوشتایە سەر ئەژنۆ و بە پەنجەکانی دەستی بۆ برد. بە سەر سوڕمانەوە سەیری ژنەکەی دەکرد.*

**پیاو:**

تۆ برینداری؟

**ژن:**

نەخێر.



**پیاو:**

ئەوە خوێنە؟

*ژنەکە دەسوورێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە.*

**پیاو:**

بۆ پێم ناڵێیت؟ تۆ پێویستیت.........

**ژن:**

"پێی دەبڕێت"، من بریندار نیم.

**پیاو:**

"تێنەگەیشت" بەڵام........ تۆ ناتوانی.........

**ژن:**

"پێی دەبڕێت" تکایە!......... ئەوە تەها......... تۆ دەزانی........

*کەمێک وەستان، پیاوەکە جارێکی تر تێنەگەیشت.*

**پیاو:**

"بە شەرمەوە" ببوورە، من.......... باشە........

*ژنەکەی تەماشای نەکرد. وەڵامیشی نەدایەوە. کەمێک وەستان.*

**پیاو:**

تۆ شتێکت پێ بوو..... چیت پێدەوت؟

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

دەستەسڕ بوو؟

**ژن:**

تکایە لەو بارەیەوە مەدوێ.

**پیاو:**

ئۆکەی.

ژنەکە *پسکیتێکی پێشکەش دەکات.*

**ژن:**

دانەیەکی تر دەخۆیت؟

پیاوەکە *دانەیەکی وەرگرت.*

**ژن:**

ماڵەکەت....... ئایا لێرەوە دوورە؟

**پیاو:**

تۆ بەدرێژایی ئەمرۆ بەپێ ڕۆیشتووی، وا نییە؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

تۆ خەڵکی کوێی؟

**ژن:**

من لە "کاپو" لەدایک بووم.

**پیاو:**

کاپو؟

**ژن:**

شارۆچکەیەکە لە باکوری ڕووبارەکەوە.



**پیاو:**

دەزانم. تۆ لە کاپو لە دایک بوویت؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

تۆ زیاد لە ڕۆژێکە بەڕێوەی.

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

لە کاپو چەندین خانوو سووتابوون.

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

خانووەکان سووتابوون بە...........

**ژن:**

"پێی دەبڕێت" دەزانم.

بێدەنگییەک. ژنەکە *تەماشای پیاوەکە ناکات.*

**پیاو:**

تۆ حەز دەکەی لەو بارەیەوە نەدوێیت؟

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

سوپاس بۆ پسکیتەکە.

**ژن:**

ئیرکۆ.

**پیاو:**

ئیرکۆ؟ ئەوە ماناى چییە؟

**ژن:**

ئەوە زمانی خۆمانە. کاتێک کەسێک پێت دەڵێت سوپاس، ئێمە دەڵێین ئیرکۆ. من نازانم بە ئینگلیزی چی پێدەوترێت.

**پیاو:**

وەک ئەوەی من دەزانم هیچی پێ ناوترێت.

**ژن:**

ئاویشم لەگەڵ خۆم هێناوە. لە دەریاکەوە هێناومە.

*بتڵێکی پلاستیکی ئاوی بەدەستەوەیە.*

**پیاو:**

من کوپێکم پێیە.

*ژنەکە شانی هەڵدەتەکێنێت. ئاوەکە بەرز دەکاتەوە.*

**پیاو:**

تۆ یەکەمجار بخۆرەوە.

*ژنەکە ئاوەکە دەخواتەوە و بتڵە ئاوەکە دەداتە دەست پیاوەکە و ئەویش دەخواتەوە.*



**پیاو:**

سوپاس.

**ژن:**

ئیرکۆ.

**پیاو:**

من پێم وایە ئەوە.....

*ژنەکە کەمێک لەسەر وشەکان دەوەستێت*

**ژن:**

کاتێک کەسێک وتی سوپاس، خراپە گەر نەڵێی ئیکۆ. تۆ دەڵێی چی؟

**پیاو:**

لە زمانی ئێمەیە؟"وەستانێک" پێم وایە خوا ڕەحمت پێ بکا بەکار دەهێنین.

**ژن:**

تۆ مەسیحیت؟

**پیاو:**

بەڵێ. کەمێک. ئەی تۆ؟

**ژن:**

"وەستانێک"، من مەسیحی نیم.

**پیاو:**

موسوڵمانیت؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

تۆ وەک ژنی موسوڵمان جل ناپۆشیت؟

**ژن:**

لە وڵاتی ئێمەدا ژنی گەنج وەک دایکیان جل ناپۆشن."کەمێک وەستان". بۆ ئێمە ناتوانین بەیەکەوە بژین؟

**پیاو:**

سەرزەنشتی من مەکە.

**ژن:**

سەرزەنشتی تۆ ناکەم.

**پیاو:**

پێویست ناکات ئێمە سەرزەنشتی ئاینیش بکەین. مەبەستم خودی ئاین خۆیەتی.

**ژن:**

تۆ ڕاست دەکەیت.

**پیاو:**

زۆرێک لە خەڵک ئەمە دەکەن. پێیان وایە کە زۆرێک لە نەهامەتییەکان لە ئەستۆی ئایندایە. ئەمە هەڵەیە. پارە بۆ خۆی کێشەیە. پارە و دەسەڵات. پارە و دەسەڵات ئەم هەرێمەیان کردووەتە قوربانی. ئەمە بەڵایەکە بۆ خۆی. ئاین..... ئێ... هیچ نییە جگە لە حیجابێک بۆ داپۆشینی ئەو ڕاستییەی کە..... بۆ



ئێمە هەژارین. ئێمە ناتوانین لەم مێژووە ئەحمەقەی خۆمان هەڵبێین.

*کەمێک وەستان، وەک ئەوەی قسەی بۆ خۆی کردبێت.*

**پیاو:**

کاپو.

**ژن:**

ئایا تۆ "کاپو"ت بینیوە؟

**پیاو:**

نا. هەرگیز.

**ژن:**

تۆ هەرگیز سەردانی "ئەتەمامنیا"ت نەکردووە؟

**پیاو:**

"بەکەمێک سڵەمینەوەوە" بەڵێ..... چەند ساڵێک لەمەوبەر.... گەنج بووم.... وڵاتەکەتان زۆر جوان بوو.

**ژن:**

وابوو.

**پیاو:**

ئم، بەڵێ. بێگومان. وابوو. من بڕوام وایە کە شەڕ زۆر شتی ڕووخاند....... بەڵام کات ناوەستێت، وڵاتەکەتان بە جوانی بنیاد دەنرێتەوە.

*ژنەکە بەگومانەوە تەماشای دەکات.*

**پیاو:**

من بەڵێنت پێ دەدەم، پاش چەند ساڵێک شەڕ بیر دەچێتەوە. مەسیحی و موسوڵمان بە تەنیشت یەکەوە دەژین، وەک چۆن لە پێشدا دەژیان. ئەمە بەشێکی تری ئەم مێژووە ئەحمەقەیە. سەدان ساڵ بە تەنیشت یەکەوە، بە ئاشتی...وە دواتر... لەپڕدا... دیسان هەموو شت تەواو دەبێت.

**ژن:**

"پاش کەمێک وەستان" من هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.

**پیاو:**

منیش هەروەها.

**ژن:**

من دەزانم. یان زیاتر.... دەزانم کە سەرم فەرامۆشی دەکات. کێشەکە ئەوەیە کە دڵم هەرگیز ناتوانێ فەرامۆشی بکات.

**پیاو:**

ئەوە مەڵێ. تۆ ژیانێکی زۆرت بە بەرەوە ماوە. ژیانی خۆت بە یادەوەری خراپ تێک مەدە.

*پیاوەکە چاوەڕێی وەڵام دەکات. هیچی نەوت. بەرەو لای دەرگاکە دەچێت، دەیکاتەوە و تەماشای دەرەوە دەکات.*

**ژن:**

دەتوانین بڕۆین؟

**پیاو:**

نەخێر.



**ژن:**

کاتژمێر چەندە؟

**پیاو:**

نازانم. وای بۆ دەچم ئێوارەیەکی درەنگ بێت.

**ژن:**

هیچ نابینرێت؟

**پیاو:**

نەخێر.

پیاوەکە دەرگاکە دادەخاتەوە.

**پیاو:**

تۆ ئینگلیزییەکی باش دەزانیت.

ژنەکە وەڵام *ناداتەوە*.

**پیاو:**

چۆن توانیت؟..... تۆ لە قوتابخانە فێری ڕێزمانی ئینگلیزی بوویت، وا نییە؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

لە زانکۆ؟

**ژن:**

بەڵێ. من ساڵی یەکەمم بوو. کۆتایی ساڵ بوو. دوو هەفتە زیاتر من..... تۆ دەزانی. من تیانووسی وانەکانم لەگەڵ خۆم هێناوە.

**پیاو:**

تۆ ئینگلیزی بابەتی سەرەکیت بوو؟

*لەپڕدا ژنەکە فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە. هێندە بە کوڵ دەگریا کە نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا زاڵ بێت. پیاوەکە دوودڵ بوو کە چی بکات بۆ ئەوەی ژنەکە ئارام بکاتەوە، دواتر نوشتایەوە و دەستی خستە سەر شانی ژنەکە. ژنەکە بە توندی دەستەکانی پیاوەکەی لەسەر شانی خۆی لابرد.*

**پیاو:**

ببوورە.

*ژنەکە نەیدەتوانی گریانەکەی کۆنترۆڵ بکات. بە دەستەکانی دەموچاوی خۆی داپۆشی.*

**ژن:**

هەڵەی من چییە؟ من هەندێ جار دەڵێم.....

*پیاوەکە دەستی دەخاتە سەر شانی ژنەکە. ژنەکەش دەستی پیاوەکە لەسەر شانی خۆی دوور دەخاتەوە.*

**پیاو:**

ببوورە. من مەبەستم ئەوە نەبوو..... لە من مەترسە.

*ژنەکە بە چاوی فرمێسکاوییەوە تەماشای پیاوەکە دەکات.*

**پیاو:**

ببوورە من دەستت لێنادەم.

*ژنەکە هەوڵ دەدات هێمن بێتەوە.*

**ژن:**

من مەبەستم ئەوە نەبوو کە........



**پیاو:**

دەزانم.

*پیاوەکە دەستەسڕێک لە گیرفانی دەردەهێنێت. کەمێک دەسڵەمێتەوە.*

**پیاو:**

دەستەسڕەکە زۆر پاک نییە.

**ژن:**

کێشەیەک نییە.

*ژنەکە دەستی درێژ دەکات و دەستەسڕەکە لە پیاوەکە وەردەگرێت. ژنەکە فرمێسکەکانی دەسڕێت. دەستەسڕەکە دەداتەوە و پیاوەکە.*

**ژن:**

سوپاس.

**پیاو:**

"بەپێکەنینەوە" شتێک نییە.

**ژن:**

ببوورە. ئەمە دووبارە نابێتەوە.

**پیاو:**

من شتێکی هەڵەم وت.

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

ئایا............

**ژن:**

من گرینگی پێ نادەم. لە بیری بکە. ئایا تۆ؟ تکایە.

**پیاو:**

ئایا تۆ تەواوی؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

ڕەنگە ئەوە یارمەتی بێت.......لە بارەیەوە بدوێ.

*ژنەکە دەستەکانی خۆی هەڵدەگلۆفێت.*

**پیاو:**

ئەوە مەڵێ.... تۆ دەزانی.... باشە..... گرانە لێی بکۆڵینەوە.... ئینگلیزییەکەم زۆر تەواو نییە.... مەبەستمە لە کێشەی وادا..... بەڵام گەر تۆ لەو بارەیەوە نەدوای..... ئەگەر تۆ گۆشەیەکت گرت.... لە دڵتدا یان لە هەر شوێنێک ئازارەکانت.....

**ژن:**

شتێک هەیە لە بارەیەوە بدوێین. من ئێستا ماندووم. وە زۆریش خەوم دێت. ئەوەتە من دەزانم. ماندووم و خەویشم دێت.

**پیاو:**

وە.....

*پیاوەکە ئاماژە بۆ خوێنی سەر زەوییەکە ڕادەکێشێت.*



**پیاو:**

لەسەر ئەوە.

**ژن:**

بەڵێ.

*ژنەکە چاوەکانی دادەخات و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت وەک ئەوەی بیەوێت بیر بکاتەوە: پشت بە خۆت ببەستە، هێمن بە. مشتومڕەکەیان وەستانێکی تێدەکەوێت. پیاوەکە بۆ چەند چرکەیەک تەماشای ژنەکە دەکات، جانتا بەتاڵەکە هەڵدەگرێت و خوێنەکە دەسڕێت.*

**پیاو:**

بمبوورە من ناتوانم یارمەتیت بدەم...... تەنانەت من ئەو وشانە نازانم بۆ ئەو...... تۆ دەزانی.....

**ژن:**

تۆ نازانی، وا نییە؟

*هەردووکیان پێدەکەنن.*

**پیاو:**

من هەرگیز نەڕۆیشتوومە بۆ قوتابخانە و ڕێزمانم نەخوێندووە.

**ژن:**

تۆ ئەو وشانە لە قوتابخانە فێر نابیت.

**پیاو:**

نەخێر. من دەتوانم وێنای بکەم. مرۆڤ لە قوتابخانە فێری ژیانی ڕاستەقینە نابێت. مرۆڤ لە قوتابخانە تەنها لەسەر مێزی نووسین و خوێندنەوە دادەنیشێت و کتێب دەخوێنێتەوە.

**ژن:**

ئایا کتێب ژیانی ڕاستەقینە نییە؟

**پیاو:**

من لەو بڕوایەدا نیم.

**ژن:**

من زۆر چێژ لە خوێندنەوە دەبینم.

**پیاو:**

ئێ. بەڵێ. منیش دەتوانم هەست بەوە بکەم. هەندێ خەڵک ئەوە دەکەن...... من دڵنیام ڕۆژێک دێت کە دووبارە دەست بکەیتەوە بە خوێندنەوە.

**ژن:**

نا بڕواناکەم وەک جاران. ئەوان ئاگریان لە زانکۆکە بەرداوە و دیوارەکانی بە زەویدا ڕماوە.

**پیاو:**

بەڵێ. منیش ئەوەم بیستووە. تاوانێکی شەرمەزارانەیە. پێویست نەبوو ئەوە ڕوو بدات.

**ژن:**

من لەوێ بووم.

**پیاو:**

لەوێ بووی؟

**ژن:**

بەڵێ. هەروەها مامۆستاکەشم لەوێ بوو..... تەقەی لێکرا.



**پیاو:**

مرد؟

**ژن:**

بەڵێ.... بە چاوی خۆم بینیم.

**پیاو:**

هەندێک لە خوێندکارەکانیش....

*پیاوەکە لە قسەکردن دەوەستێت، هەردووکیان تەماشای یەکتر دەکەن.*

**ژن:**

بەڵێ؟

**پیاو:**

تەقەیان لە زۆرێک لە خوێندکارە کوڕەکان کردووە...... من ئەوەشم بیستووە.

**ژن:**

بیستت؟

**پیاو:**

بەڵێ. تۆ ڕێگەت بۆ کێشان کە بێنە دەرەوە.

**ژن:**

من هەرگیز ئەو کاتەم لە بیر ناچێت.

**پیاو:**

نا.

**ژن:**

زۆرێک لەوان سەرباز بوون، هەندێکی تریشیان سەرباز نەبوون. ئەوە تەنها شەڕ نەبوو، بەڵکو ئەوە کوشتن بوو..... "بەسەرسوڕمانەوە"، تۆ بیستووتە؟

**پیاو:**

بەڵێ.

*ژنەکە سەیری پیاوەکە دەکات.*

**پیاو:**

لە سی ئێن ئێن..... دەیانوت ئەو سەربازانە بە ئەنجامدانی تاوانی شەڕ تۆمەتبار کراون. ئەگەر بیاندۆزنەوە.

**ژن:**

هیوادارم بتوانن.

**پیاو:**

من دەترسم چانسی ئەوەیان نەبێت.

**ژن:**

تۆ تەماشای سی ئێن ئێن دەکەیت؟

**پیاو:**

هەندێ کات....... لەو بڕوایەدام ئەوان هەرگیز نایاندۆزنەوە.

**ژن:**

وامەڵێ. وێنەگرێکی پیاوی لێ بوو.

**پیاو:**

لێی بوو؟



**ژن:**

وێنەی دەگرت.

**پیاو:**

تۆ دڵنیای؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

چۆن دەزانی؟ خۆ بە چاوی خۆت نەتبینی، بینیت؟

**ژن:**

نەخێر. هەندێ لە خوێندکارەکانی هاوڕێم بینیبوویان، کاتێ کە گەڕاینەوە وایان وت.

**پیاو:**

ئێوە گەڕانەوە بۆ زانکۆکە؟

**ژن:**

بەڵێ. بینای زانکۆکە هێشتا دەسووتا بەڵام سەربازەکان ڕۆیشتبوون.

**پیاو:**

بۆچی ئێوە گەڕانەوە؟ ئەی گەڕانەوەتان جێی مەترسی نەبوو؟

**ژن:**

ئیتر گەڕاینەوە.

**پیاو:**

بەڵام بۆچی؟

*ژنەکـە سڵ دەکـاتـەوە. لەوەدایە کــە دووبارە دەست بکاتـەوە بە گریان.*

**پیاو:**

بمبوورە. چیتر پرسیار ناکەم. با باسی شتێکی تر بکەین.

**ژن:**

ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئەوەی لاشەکان بدۆزینەوە.

*وەستان.*

**ژن:**

کەسی لێ نەمابوو. زیاتر لەوە.

*وەستان.*

**ژن:**

یەکێک لەوان....

*پیاوەکە چاوەڕێ دەکات تا ژنەکە ڕستەکە تەواو بکات بەڵام ژنەکە ناتوانێت. ژنە تەواو حەپەساوە.*

**پیاو:**

وێنەگرەکە بوو؟

**ژن:**

بەڵێ. وێنەی سەربازەکانی دەگرت. سەربازەکان سەرخۆش بوون.

من وتبووم..... تۆ دەزانی......

ژنەکە وەک سەربازێکی سەرخۆش دەوەستێت، بەڵام هەڵوێستی وا دەردەبڕێت کە ڕق و ئازاری هەیە.



**ژن:**

.... هەروەها.... ئەمە وێنەکانە. وێنەی تاوانەکە. وێنەی تاوانبارەکان.

**پیاو:**

ئەی ئەو؟ وێنەگرەکە.

**ژن:**

دیار نەما.

**پیاو:**

کەسیش هیچی لەبارەوە نەزانی؟

**ژن:**

نەخێر. بەڵام کە شەڕەکە کۆتایی بێت ئێمە دەیدۆزینەوە.

**پیاو:**

تۆ و خوێندکارەکانی هاوڕێت؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

تەرمی خۆشەویستەکەشت" بۆی فرێند"؟

ژنەکە وەڵام *ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ دەتەوێ تۆڵە بکەیتەوە.

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

دڵت دەڵێ بەڵێ، تۆڵە.

**ژن:**

دڵم وا ناڵێت. من لەو تۆڵەیەوە فێر دەبم........ ئێمە پێویستە لەوە دەرباز بین. ئەوە بەشێکی ئەحمەقانەیە لە مێژوویەکی ئەحمەق...... تۆڵەی خوێن سەندن. لووتبەرزی ئەحمەقانە. ڕقی بێمانا. هەموو ئەوانەی کە" ئێمە باشترین لە ئێوە". ئەوە پێویستە کۆتایی پێ بهێندرێت.

**پیاو:**

ئەوە یەکەمجار نییە تۆ باسی شتی وا دەکەی.

**ژن:**

هەرچۆنێک بێت ئەوە ڕاستییە..... من نامەوێ تۆڵە بکەمەوە. من عەدالەتم دەوێت. من دەمەوێت ئەو سەربازانە سزا بدرێن. هەندێک جار پێویستمان بە برێک یاسا هەیە. هەندێ یاسای نێودەوڵەتی.... وە هەندێ کەس بۆ.... مانای ئەو وشەیە چییە.....

**پیاو:**

کەسانێک کە یاسا جێبەجێ بکەن.

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

تۆ پێویستە یو ئێن ببینیت.

**ژن:**

دەزانم. با هیوا بخوازم.... جێبەجێ کردن.... یەک قسە.



جێبەجێکردنی یاسا. ئەوە هەروەها بەمانای سەپاندنی سزای مردنیش دێت، وا نییە؟

**پیاو:**

وایە.

**ژن:**

لەم وشەیەدا خۆشەویستی هەیە.

**پیاو:**

تۆ خۆشەویستت هەبوو، خۆت وات وت؟

**ژن:**

بەڵێ.... ئەو یەکێک بوو لەوانەی.....

**پیاو:**

یەکێک بوو لەو خوێنکارانەی.....کە.....

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

ئەو.....

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

بمبوورە.

**ژن:**

ئێمە هەرگیز نەماندۆزییەوە.

*ژنەکە دەحەپەسێت و لەوەدایە کە دەست بکات بە گریان.*

**ژن:**

تۆ سەیرکە............

**پیاو:**

تۆ پێویستە باسی ئەوە نەکەیت.

**ژن:**

من دەمەوێ باسی بکەم. تۆ وتت ئەوە یارمەتیدەرە. وات نەوت؟ گەر ئەوە لە دڵما بهێڵمەوە یان لە هەر کوێیەک، ئازار..... تۆ ئەوەت وت، بیرتە؟

**پیاو:**

بەڵێ، بەڵام پێویست ناکات تۆ ئەوە بە من بڵێیت..... من بێگانەم. تۆ من ناناسیت.

**ژن:**

ئەوە...... بۆ وا دەڵێیت؟.... تۆ ناناسم.....

**پیاو:**

بەوە سوودمەند دەبیت؟

**ژن:**

بەڵێ، سوودمەندبوون. ئەوە شتێکی باشە کە بۆ بێگانەیەک بدوێیت. من دەترسم، من هەرگیز ناتوانم بە کەسێکی بڵێم کە من ناناسێت. بەڵام ئەمە بە تۆ دەڵێم. گەر تۆ بتەوێت گوێ بگریت؟

**پیاو:**

من ناتوانم بڵێم نا، دەتوانم؟



**ژن:**

بێگومان دەتوانی.

*پیاوەکە باوەشی دەکاتەوە وەک ئەوەی بڵێ بەردەوام بە.*

**ژن:**

سوپاس

**پیاو:**

ئیرکۆ.

*ژنەکە نەرمە بزەیەکی بۆ پیاوەکە نارد کە لەپڕدا بە ڕوخسارییەوە دیار نەما.*

**ژن:**

سەیرکە..... کاتێ من گەڕامەوە بۆ لای تەرمەکان، هیچی لێ نەمابوو. ئێمە پرسیارمان لە هەندێ کەس کرد کە ماڵەکانیان لەو نزیکانە بوو. ئەوان پێیان وتین کە تەرمەکانیان بە سەیارەیەکی گەورە گواستووەتەوە، چی پێ دەڵێن؟

**پیاو:**

لۆری؟

**ژن:**

بەڵێ، بە لۆرییەک. سەربازەکان و ئەوانەی کە مەدەنی بوون تەرمەکانیان بەیەکەوە خستووەتە ناو لۆرییەکەوە. کەس پێی نەوتین بۆ کوێ چوون. هەروەها ئێمە زۆر بە پەرۆش بووین بۆ دۆزینەوەی وێنەگرەکە. هەندێک دەڵێن لەگەڵ سەربازەکان ڕۆیشتووە و هەندێکی تر دەڵێن نەخێر. ئەوەندە هەیە ئەو دیار

نەماوە. هەروەها ئێمە ڕۆیشتین بۆ نەخۆشخانە. لەوێ تەرمی تری لێ بوو..... لە ڕاستیدا زۆر... بەڵام تەرمی خوێندکارەکانی هاوپۆلی ئێمەی لێ نەبوو.

**پیاو:**

هەروەها ئەوان لۆرییە بۆرەکەشیان نەبینیبوو؟

**ژن:**

بۆر؟

**پیاو:**

هەموو لۆرییەکان بۆرن. تۆ نەتدۆزینەوە، وا نییە؟

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

تۆ دەستبەرداری بوویت.

**ژن:**

بەڵێ.

*پێش ئەوەی ژنەکە بەردەوام بێت، بێدەنگییەک لە نێوانیاندا هەیە.*

**ژن:**

بەیەکەوە لەگەڵ دایک و باوکم، ڕویشتم بۆ بینینی خێزانەکەی.

*پیاوەکە وەستا بۆ ئەوەی ژنەکە بەردەوام بێت، بەڵام ژنەکە بەردەوام نەبوو.*

**پیاو:**

تۆ ناتوانی بە وشە دەری ببڕیت؟



**ژن:**

وشەکان زیندوو نین.

**پیاو:**

بێگومان نەخێر.

*دووبارە بێدەنگییەک. ژنەکە کەمێک دەوەستێت و بێدەنگ دەبێت.*

**پیاو:**

ئێستا باشتری؟

**ژن:**

باشتر؟

**پیاو:**

پێوتن لە بارەی ئەوەوە؟.... بمبوورە، پرسیارێکی ئەحمەقانە بوو. من لەو بڕوایەدام ئەوە بۆ تۆ ئازارێکی سەختە کە هەست بە هیچ شتێکی تر ناکەیت. تەنها بۆشاییەکی گەورە و ڕەش دەبینی.

**ژن:**

بەڵێ، ئەوەیە کە من هەستی پێ دەکەم.

**پیاو:**

تۆ ئێستا لێرەی؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

چۆن هاتی؟

**ژن:**

ئێمە بەس ئەوێمان جێهێشت.

**پیاو:**

ئێمە؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

تۆ بەتەنها نەبوویت؟

**ژن:**

نەخێر.

*بە چاوێکی پڕ پرسیارەوە تەماشای ژنەکە دەکات.*

**پیاو:**

تۆ وتت تەنیا نەبووم؟

**ژن:**

ئێستا تەنیام...... بەڕاستمە. من تەنیام. درۆ ناکەم.

**پیاو:**

بەڵێ. بەڵێ. من بڕوات پێ دەکەم.... من تەنها سەرم لەوە سوڕماوە ئەی ئەوی تر چی بەسەر هات؟

**ژن:**

زیاد لە یەکێک بوون.

*پیاوەکە چاوەڕێ دەکات، بەڵام ژنەکە بەردەوام نابێت.*



**پیاو:**

بەڵام تۆ باسی ئەوان ناکەیت؟

**ژن:**

ناتوانم.

**پیاو:**

باس مەکە.... سەرەکیترین شت ئەوەیە کە تۆ توانیت لە سنوورەکە بپەڕیتەوە. سوپاس بۆ خوا.

**ژن:**

خوا؟

**پیاو:**

ڕاستیت دەوێ نەخێر. بەڵام گوێ مەدەرێ. بە درێژایی ئەو ماوەیەی لێرە دەبیت کەس دەستی ناگا بە تۆ.

**ژن:**

ئەو ماوەیەی من لێرەم؟ مەبەستت...؟ بێگومان. بە ڕاستی پێت دەڵێم. ئێمە لێرە نامێنینەوە.

**پیاو:**

ببوورە من مەبەستم ئەوە نەبوو.

**ژن:**

کێشەیەک نییە. من پێویستە واقعی بم.... لە شەودا ئێمە دەڕۆین و سبەی بەیانی ڕادەستی پۆلیسم بکە.

**پیاو:**

وتم ئەوە ناکەم.

**ژن:**

پێویستە ئەوە بکەیت.

**پیاو:**

نا، من ڕادەستی پۆلیست ناکەم. متمانەم پێ بکە.

**ژن:**

ئەوە دڵسۆزییە. من زۆر دڵخۆش دەبم بەوە. بێگومان تۆ بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش بێت ناتوانی چاودێری من بکەیت..... ڕەنگە چەند سەعاتێکی. درەنگ یان زوو تۆ بمبەی بۆ ئۆفیسێک.... تۆ ئەوە دەکەی، واناکەی؟

**پیاو:**

نەخێر.

**ژن:**

لانی کەم تۆ کەسێک ئاگادرا دەکەیتەوە، واناکەی؟

پیاوەکە شانی "نەخێر" هەڵدەتەکێنێت.

**ژن:**

تکایە، درۆم لەگەڵ مەکە.... تۆ ئەوە دەکەیت.

**پیاو:**

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من هەرگیز خەیاڵم بۆ شتی وا ناڕوات.

**ژن:**

ئەوان ناتوانن من بگەڕێننەوە، دەتوانن؟



**پیاو:**

قەلەق مەبە. ئەوان تۆ ناگەڕێننەوە. هیچ پەناهەندەیەک ناگەڕێندرێتەوە.

**ژن:**

لە کەمپدا دام ئەنێن؟

**پیاو:**

وای بۆ دەچم. تۆ لەوێ پارێزراو دەبیت. پارێزراوتر لێرە.

پیاوەکە دەچێت بۆ لای دەرگاکە و تەماشای دەرەوە دەکات.

**ژن:**

ئەو کەمپە.... ئێمە بینیومانە لە تەلەفزیۆن....

**پیاو:**

بینیوتە؟

**ژن:**

بەڵێ. لە سی ئێن ئێن.

**پیاو:**

من وا دەزانم قەدەغەیە کە تەماشای تەلەفزیۆنی بیانی بکەیت.

**ژن:**

بەڵێ، دڵڕەقانە. ئێمە هەرچۆنێک بێت تەماشامان دەکرد. لەبەرئەوە من ئەو شوێنە دەناسمەوە کە من بۆی دەچم.

**پیاو:**

تۆ حەز ناکەی بچیت بۆ ئەوێ، وا نییە؟

**ژن:**

من حەزدەکەم.

**پیاو:**

لەوێ گــرینگیت پـێ دەدەن.... من دڵنیـــام لـەوێ.... ئێـــوە هـەر شتێکی پـێ دەڵێن..... تۆ دەتوانی.... ئەوە تەنها بۆ کاتێکی کورتە و بەس. چەند مانگێک. شەڕەکە زۆر ناخایەنێت. کاتێک کە هاوین تەواو دەبێت.... من لەو بڕوایەدا نیم شەڕەکە زیاتر بخایەنێت.

**ژن:**

هیوا دەخوازم تۆ ڕاست بکەیت.

**پیاو:**

تۆ پێش کریسمس لە ماڵەوە دەبیت.

**ژن:**

کریسمس؟

**پیاو:**

بمبوورە، مانگی دوازدە. تۆ جارێکی تر دەست بە خوێندنی زانکۆ دەکەیتەوە. ئەوان بەڕێوەی دەبەن، چەندین بینای سەردەم بنیاد دەنێن...... تۆ بیرت ناچێتەوە کە چیت بینیوە، هەموو تاوانەکان.... بەڵام ژیان بەردەوامە.... تۆ زیرەکی و کۆششێکی باش دەکەیت، پاش چەند ساڵێک بڕوانامەکەت بەدەست دەهێنیت.... کارێکیشت دەست دەکەوێت.... تۆ دەزانی دوای هەر ڕۆژێکی هەور و تاریک خۆر هەمیشە هەڵدێتەوە.



**ژن:**

تۆ زۆر دڵسۆزی. من نامەوێ..... تۆ دەزانی.....

**پیاو:**

خۆر ئێستا هەڵدێت. سەیرکە. ئەوە بیرێکی باشە. ئەوە بچووکە و تۆ بە مەزاجی خۆت خۆشی نابینیت. تۆ پێویستە چەند ڕۆژێکی تر بگەڕێیتەوە....ڕەنگە بەهاری داهاتوو گونجاو بێت... کاتێک گوڵان دەپشکوون و گیاش سەوز دەبێت.

**ژن:**

دڵنیا نیم، وادەکەم.

*پیاوەکە دەرگاکە دادەخات.*

**پیاو:**

ئەمە یارمەتیت دەدات بۆ قسەکردن، وا نییە؟

**ژن:**

بەڵێ، بەڵام یارمەتیم نادات بۆ تێگەیشتن.

**پیاو:**

تێگەیشتن لەچی؟... شەڕ؟

**ژن:**

نەخێر. گوناه. هەروەها من لە شەڕیش تێناگەم. بەڵام گوناه.... گوناهی پاک... من ناتوانم تێیناگەم. تۆ دەتوانی؟

**پیاو:**

من بڕوام لە گوناهی پاک نییە. من بڕوام وایە هەمیشە لە پشتیوە شتێک هەیە.... بەشێک لە....ئم... پاڵنەرێک.... ئەوە شتێکی

گەمژانەیە، دڵڕەقی، بێمانایی.... لەوانەیە هۆکارەکە شتێک نەبێت.....

**ژن:**

تەنها هۆکار؟

**پیاو:**

هۆکار، بەڵێ، ڕەنگە ڕق و تۆڵە و بەغیلیەوە هاتبێت.... ڕەنگە ترسیش....

ژنەکە *سەری ناڕازیبوون ڕادەوەشێنێت.*

**ژن:**

ئەوەم بینیوە. گوناهی پاک. بەبێ هۆکار. بەبێ ئەنجام.

**پیاو:**

"*پاش کەمێک وەستان*"، گرینگترین شت ئەوەیە کە خەڵکانی وەک من و تۆ دەتوانین هەندێ شت بکەین لە دەرەوەی..... باشە.... وەک گوناهی پاک.

**ژن:**

من ناتوانم.

**پیاو:**

ئەوە بۆچوونی خۆتە. من نامەوێ ئەوە بڵێم، بەڵام بەڵێ... تۆ دەتوانی ئەوە بکەیت.

ژنە *تەماشای پیاوەکە دەکات و ڕووی خۆی وەردەگێڕێت.*



**پیاو:**

تۆ دەزانی سەربازەکان ئازاری زیندانییەکانی کەمپی زۆرەملێی ئەڵمانیا دەدەن، خەڵکانێکن وەک من و تۆ.

**ژن:**

ئەوان بەدخوو و دڕەندەن.

**پیاو:**

نەخێر. ئەوەیە کە من بیری لێ دەکەمەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە زۆرێک لەوان پیاوانی خێزانی زۆر ئاسایین. کاتێک کە ئەوان دەگەڕێنەوە ماچی هاوسەرەکانیان دەکەن و یاری لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن. گوڵی باخچەکانیان ئاو دەدەن. ئایا تۆ هیچت لەو بارەیەوە گوێ لێ نەبووە؟

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیە. ئێمە تێی ناگەین. بەڵام ئەوەیە.

**ژن:**

هەرچۆنێک بێت ئەوان دڕندەن.

**پیاو:**

نا. ئەوان بوونە بە دڕندە. کەسێک بەم کارە هەستاوە.

**ژن:**

تۆ دەتوانی ئەشکەنجەی خەڵک بدەی؟

**پیاو:**

من؟.... نەخێر.... کێ هەیە بەرامبەر بە پرسیاری وا بڵێ بەڵێ؟
کەس واناڵێ. کەس.

**ژن:**

دەتوانی؟

**پیاو:**

نەخێر، بێگومان ناتوانم. ئەوە وەڵامی منە. من دەڵێم نەخێر کە.... بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانم کە ئەوە ڕاست نییە... من ناتوانم متمانە بە خۆم بکەم. من لە بارەی مرۆڤایەتییەوە زۆر دەزانم....گەر هەڵبژاردنم نەبوو. تۆ دەزانی، وەک سەربازە ئەڵمانییەکان.

**ژن:**

باشە ئەگەر حاڵەتەکە....؟

**پیاو:**

"*بەسەر ڕاوەشاندنەوە*" نا! من هەرگیز وێنەی ئەوە ناکەم کە من ئەشکەنجەی کەسێک بدەم. بێگومان نەخێر. کێشەکە ئەوەیە: بە چ ڕێگەیەک من باشترم لە سەربازی کەمپی زۆرەملێ؟

**ژن:**

تۆ باشتری.

**پیاو:**

من؟

**ژن:**

بەڵێ، دەتوانم ئەوە بڵێم.



**پیاو:**

تۆ لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا منت ناسی.

**ژن:**

تۆ یارمەتیم دەدەی.

**پیاو:**

باشە. کێ یارمەتی نادات؟

**ژن:**

وایە، کێ یارمەتی نادات؟" تەماشای پێش خۆی دەکات".

**پیاو:**

کێ ئەوە ناکات؟

*یەکسەر... هەردووکیان نیگەران بوون و ژنەکە بەدەنگی بێ ئومێدی دەربڕی.*

**ژن:**

تۆ دەتەوێ بزانی؟

**پیاو:**

نەخێر. تۆ لەم بارەیەوە زۆرت وت.

**ژن:**

بەڵێ. من زۆرم وت، بەڵام ئەمە هەمووی ئەوە نییە کە دەمەوێ بیڵێم.

**پیاو:**

بەسە واتە بەسە.

**ژن:**

له دەرفەتێکی تردا پێت دەڵێم." له ڕوخساریدا نارەزایی دەبینرا" من له بارەی گوناهی پاکەوە بۆت دەدوێم. ئەو ئازارەی کە لەدڵمایە..... وەک ئەوەی تۆ پێی دەڵێی....ئەو ئازارە هەرگیز له دڵمدا دەرناچێت..... بەڵام کەسێک ئەو ئازارە دەبینێت.... ئەوان لەبەر من شتێک دەکەن.....

**پیاو:**

من دەزانم، ئەوان بۆ فرێندەکەی تۆیان کوشت.

**ژن:**

بەڵێ، بێگومان من پێویست بوو لەگەڵ دایک و باوکیدا بمامایەتەوە، بەڵام نەمتوانی. من ڕۆیشتم بۆ لای یەک له هاوڕێ خوێندکارەکانم. ئالاکا باشترین هاوڕێمە. ئێوارەیەکی درەنگ بوو. هەرچۆنێک بوو زۆرێک له ئێمە لەوێ بووین. سەرجەم کچەکان جگە له خوێندکارە کوڕەکان. ئەو پێی وتین کە زۆر ترسناکە گەر له شار بمێننەوە. دەنگۆی ئەوەش له ئارادابوو کە سەرجەم خوێندکارانی ئەو شارە هەڵدەواسن.

**پیاو:**

هەر بۆیە ئێوە بڕیارتان دا شاری کاپو جێ بێڵن؟

**ژن:**

ئێمە لەو بارەیەوە قسەمان کرد. ئالاکا جانتایەکی پێ بوو. بەڵام یەکسەر ئێمە گوێبیستی وەستانی لۆرییەک بووین لەبەردەم ماڵەکەماندا. دەرگاکە بەهێز کرایەوە و سەربازەکان.....



تفەنگیان بەدەستەوە بوو.... هاتنە ژوورەوە.... کوڕێکی پۆلەکەمان ویستی قسەیان لەگەڵدا بکات.... سوودی نەبوو.... بەلێدان و بە پاڵ بردیانە دەرەوە.... تۆ دەزانی، ئێمە گوێمان له چەند تەقەیەک بوو..... وە دواتر.... کاتێک ئێمەیان بردە دەرەوە بۆ لای لۆرییەکە......

**پیاو:**

تەواوی مەکە.

**ژن:**

بینیمان.

**پیاو:**

مردبوو.

**ژن:**

مردن.... لەوێ دوو لۆری لێ بوو. سێ کەس له ئێمە خراینە لۆری یەکەمەوە. سێ کەسی تریشمان خراینە دووەمەوە. بێگومان من هەستم بە ترسێکی زۆر دەکرد، .... ترس له مردن... بەڵام... ئەوە شتێکی نائاسایی بوو.... من تەماشای ئەلکارام دەکرد، ئەو جانتاکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.... ئەوە شتێکی پێ بوو.... ئێوە چی پێ دەڵێن بیرێکی سارد؟ هێمن و لەسەرخۆ؟....

**پیاو:**

بەڵێ، هێمن و لەسەرخۆ.

**ژن:**

من هەمیشە سەرسام بووم پێی، بەڵام لەو کاتەدا.... تەماشای

ڕوخساریم دەکرد پڕ بوو لە تووڕەیی و ڕق.... من نەک سەرسام بووم پێی بەڵکو زۆرم خۆش دەویست. ئەوان ئاڵتوونی پاک و مرواریيان لێ سەند. من تێناگەم بۆچی ئالاکایان نەهێنا... تۆ دەزانی...

*"دەیویست ئاماژەیەک نیشان بدات کە مەبەستی چییە"*

**پیاو:**

ملوانکە؟

**ژن:**

بەڵێ.... هەوڵی ئەدا ڕابکات، بەڵام نەیدەتوانی. پەنجەکانی ئاوسابوون. بە قۆناغی تفەنگەکانیان لێیان دەدا.

**پیاو:**

"*بەرەو لای جانتاکە*" ئەمە هی ئالاکایە؟

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

کەواتە.... ئێمە کێکی ئالاکامان خوارد؟

**ژن:**

ئەوە هەمووی نییە.

"ژنەکە لاپەڕە لوولبووەکەی دەرهێنا و پێشنیاری کرد پسکیتێک وەرگرێت. پیاوەکە سەری نەویستنی لەقاند. ژنەکە سەری نزم ناکاتەوە".



**پیاو:**

"*هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت*"، نەخێر.

**ژن:**

ئالاکا ڕەنگە نەمابێت.

**پیاو:**

من دەزانم....

*"پیاوەکە دەستەکانی بەرز دەکاتەوە وەک ئەوەی نەیەوێت"*

**پیاو:**

نا سوپاس.

*"ژنەکە پسکیتێک لە جانتاکەی دەردەهێنێت و لەسەر پارچە لاپەڕەکە دایدەنێت، بەڵام نایخوات".*

**پیاو:**

تۆ پێویستە بوەستیت.

**ژن:**

ئایا ئێمە ئێرە جێ دەهێڵین؟

**پیاو:**

نا مەبەستم ئەوەیە لەو بارەیەوە مەدوێ. تۆ باشترە پشوویەک بدەیت.

**ژن:**

نا. تۆ وتت ئەوە یارمەتیدەرە، تۆ ڕاست دەکەی. من ئێستا

دەتوانم لە بارەی ئالاکاوە بدوێم بەبێ...... تۆ دەزانی.....

**پیاو:**

بەبێ گریان؟

**ژن:**

بەبێ شێتبوون. من دەزانم چۆن ئەو بهێنمەوە بیری خۆم. دەموچاوی لە لۆرییەکەدا . دەنگە تووڕەکەی. ئەوان ملوانکەکەی من دەبەن، بەڵام بازنەکەم نا.... ملوانکە جوانەکەی ئالانکا لەگەڵ کە ئاڵتوونێکی چەماوە بوو... من ئێستا دەتوانم لە بارەی ئەوەوە بدوێم.

**پیاو:**

بەبێ شێتبوون.... من لەو بڕوایەدام تۆ زۆر لەوە بەهێزتری کە شێت بیت.

*"کەمێک وەستان. ژنەکە چاوەکانی دادەخات و دەستی بەرەو پسکیتەکە دەبات و بەرەو سەر سنگی دەبات و چاوەکانی دەکاتەوە."*

**ژن:**

دوو ڕۆژ پێش ئێستا.... من دەترسام کە من....." ژنەکە پسکیتەکە دەگوشێت و دەستی دەکاتەوە و پارچە پسکیتە گوشراوەکان بەردەبێتەوە سەر زەوی"............ تۆ ڕاست دەکەیت. من دەزانم کە شێت نابم.

**پیاو:**

تۆ دەژیت.



**ژن:**

بەڵێ، من نامرم....تۆ دەبینی، من وام بیر دەکردەوە کە شێت دەبم. کاتێک لۆرییەکە وەستا.....

**پیاو:**

تکایە." *ژنەکە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای پیاوەکە دەکات*". تۆ باشتر وایە دەستبەرداری ئەوە بیت. تۆ زۆر ماندوو بوویت.

**ژن:**

نەخێر. من بیرم نایاتەوە کە ئێمە لە کوێ بووین. سەیرکە، من هەستی زانینی کاتم نەمابوو. ئێمە دەمانتوانی نزیک یاخود دوور بکەوینەوە لە شار. من وامزانی ئەوان ئێمە دەبەن بۆ کەمپی زیندانییان، بەڵام کاتێک ئەوان ئێمەیان لە لۆرییەکە داگرتە خوارەوە تەماشامان کرد لادێیە. من پێشتر ئەو شوێنەم نەبینیبوو. هیچ شتێک نەدەناسرایەوە. زۆرێک لە خانووەکان سووتابوون و کەسیش لەوێ نەبوو. ئێمە تەماشامان دەکرد و هەوڵمان دەدا شتێکمان بیر بێتەوە، بەڵام ئەوان ئێمەیان برد بەرەو بینایەکی سوور کە نەدەرگای هەبوو نە پەنجەرە.

**پیاو:**

سوور؟

**ژن:**

بەڵێ. سوور نەک وەک ئەو ڕەنگە باوەی وڵاتەکەمان. دەزانم، بەڵام خانووەکە سوور بوو..... من هەرگیز ئەوەم بیر ناچێت. ئەو ڕەنگە سوورە پاش چەند ڕۆژێکی تر دەبینمەوە. ئەوان بە پاڵ

ئێمەیان خستە نێو بیناکەوە، هیچ شتومەکی تێدا نەبوو، بەڵام لە دواییدا زانیم کە ئەوە قوتابخانەی گوندەکە بوو. ئالاکا و دیدۆ و هێنۆ خرانە نێو ژوورێکەوە، وە من و لالۆ و سێنکا بۆ ژوورێکی تر.

**پیاو:**

پێویست ناکات پێم بڵێی چی ڕووی دا. دەزانم چی ڕووی دا.

**ژن:**

نازانی.

**پیاو:**

نامەوێ لەو بارەیەوە گوێم لە هیچ بێت.

**ژن:**

بۆ نا؟ هەموو کەسێک دەبێت لەو بارەیەوە بزانێت. ئەوان وا بیریان دەکردەوە کە ئەو شەڕە...... ئۆه، مەبەستم ئەوەیە سەربازەکان بە جلی سەربازییەوە کە لەیەک دەچوون شەڕیان دژ بەیەکتر دەکرد. بەناوی نیشتیمانپەروەرییەوە شەڕیان دەکرد. ئەوە درۆیە، درۆیەکی گەورە. شەڕ.... شەڕ بریتییە لە......"*کەمێک وەستان*"... ئەوان لاقەیان کردم "*تەماشای پیاوەکە دەکات*" بەڵێ وایان لێ کردم."چاوەڕێ دەکات پیاوەکە قسە بکات".

**پیاو:**

دەتەوێ من چی بڵێم.

**ژن:**

نازانم.

**پیاو:**

ناتوانم بڵێم بەداخەوە بۆ تۆ، دەتوانم؟ چ وشەیەک هەیە کە بیڵێم؟..... هیچ وشەیەک نییە...... تۆ ڕاست دەکەیت، شەڕ..... شەڕ کارێکی پیسە. شەڕ ڕەوشتی تێدا نییە، خاڵییە لە پیرۆزی.

"پاش کەمێک وەستان"

**ژن:**

ئەوان سەرخۆش بوون. لە لالۆوە دەستیان پێ کرد. ئەوان بە ئینگلیزییە ناتەواوەکەیان پێیان وت کە سێکست لەگەڵدا دەکەین..... من هەرگیز پێکەنینەکەیانم لە بیر ناچێتەوە.... جلەکانیان لەبەر لالۆ داکەند. ئەو نەیدەتوانی هاوار بکات، چونکە دەمیان بە تێپ بەستبوو...... من دەمزانی کە ئەو پەردەی کچێنی نەدۆڕاندبوو.... ئەوان سێکسیان لەگەڵدا کرد..... بە سیانیان باوەشیان پێدا کرد.... دووانیان زۆریان لێ کردین کە تەماشای بکەین.... وە یەکێک... نا... هەر شەشیان..... یەک بە دوای یەک.....

"*کەمێک وەستان*"

**پیاو:**

بەڵێ.

**ژن:**

کاتێک لەگەڵ لالۆ تەواو بوون، ..... من نازانم چەندی خایاند.....

وام هەست دەکرد چەندین سەعات بێت.... لالۆیان فڕێدایە دەرەوە و کە دەگەڕانەوە جارێکی تر دەستیان دەکردەوە بە خواردنەوە.... وە دوای ئەو...... دواتر.... سێنکا.... دوای ئەوانیش....من.

**پیاو:**

تکایە.

**ژن:**

ئەوە کۆتایی نەبوو. لەپڕ لە دەرەوە مقۆمقۆیەک ڕوویدا، هاواریان کرد و ئەمریان دەکرد، بە دەنگیان پێ دەچوو شتێک ڕوویدابێت. سەربازەکان چوونە دەرەوە. ئێمە لە ژوورەوە ماینەوە، بەڵام نەمان دەتوانی لەگەڵ یەک قسە بکەین.... تۆ دەزانی دەممان بە تێپ پێچرابوو.... چاوەکانی سێنکا..... من وای بۆ دەچووم ئەو شێت بووبێت.... دواتر گوێمان لە دەنگی لۆرییەک بوو. سەربازەکان گەڕانەوە...... سەربازی تریشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو..... دوای ئەوە....... ئەوانیش دەستیان کرد بە...... خۆت دەزانی. "*کەمێک وەستان*"، سەر لە بەیانی ئەوان ڕۆیشتن، بەڵام سەرەتا....." *دووبارە وەستانێک، زۆری لەخۆی دەکرد کە لە قسەکردن بەردەوام بێت*". دوو سەرباز لە ژوورەکەمان مانەوە. یەکێکیان کەتە و قەڵەو بوو.... دەموچاوی...."*سەری ڕادەوەشێنێت*"...... تەقەی لە سێنکا و لالۆ کرد....... دواتر تەماشای منی کرد و شتێکی چرپاند بە گوێی ئەوی تردا. وابزانم وتی: تەقەی لێ بکە. دواتر چووە دەرەوە.... وە......



"*کەمێ وەستان*". تەماشای منی کرد. منیش تەماشام کرد.... ڕاستەوخۆ لە چاوەکانیم ڕوانی..... من ویستم.... بە هێز و قووەت.... ئەو بیری دەکردەوە....بیری هاتەوە کە چی کرد لەگەڵمان....... ڕووی کردە ئەولاوە و تفەنگەکەی تەقاند.... دوو جار..... بەرەو ڕووی دیوارەکە تەقەی کرد.

"*کەمێک وەستان*"، کاتێک ئەوان هەموو ڕۆیشتن، من ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی تر و بینیم..... ئالاکا......وە......

**پیاو:**

دووانەکەی تر......

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

ڕۆحیان تیا نەمابوو؟

**ژن:**

نەخێر. من تێناگەم بۆچی تەقەیان لە من نەکرد.

**پیاو:**

وای بۆ دەچم بەزەیی نەبووبێت.

**ژن:**

نەخێر ئەوە بەزەیی نەبوو.

**پیاو:**

شەرم بوو؟

**ژن:**

نەخێر. چاوەکانیان هەرگیز شەرمی تێدا نەدەبینرا. نە شەرم بوو نە بەزەیی. چاوەکانی ڕقی لێ دەباری. ئەو دەیویست من بژیم. ئەو دەیزانی کە من هەرگیز بیرم ناچێت. ئەو بەجۆرێک پێدەکەنی. کچێکی موسوڵمان لاقە کرا. ئەوە قورسترە لەوەی کە کچێکی موسوڵمان بکوژرێت.... هەروەها ئەو دەیزانی کە پاشماوەی ژیانم من پرسیار لە خۆم دەکەم کە بۆچی لە نێو هاوڕێکانمدا تەنها من دەژیم؟ ئەو دەیزانی کە... گوناهی پاک.

"*کەمێک وەستان*"، جانتاکەی ئالاکام هەڵگرت.... دەزانی، من نەمدەتوانی بیر بکەمەوە..... یەک شت لە مێشکی مندا بوو..... بێمە دەرەوە..... وە ئێستا من لێرەم.

**پیاو:**

بەڵێ.

**ژن:**

"*بەپێکەنینێکی وشکەوە*"، پارێزراوم سوپاس بۆ خوا.

**پیاو:**

یان ئەڵڵا.

"*دەنگێک دەبیسترێت. دەرگاکە دەکرێتەوە. سەربازەکە بە جلی سەربازییەوە دەردەکەوێت*".

# ئەكتى دووەم

*جووڵە بەردەوامە لە هەمان شوێن وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت*

**سەرباز:**

تۆ کێی؟

**پیاو:**

تێناگەم.

*سەربازەکە بەگومانەوە تەماشای دەکا.*

**پیاو:**

تۆ دەتوانی بە ئینگلیزی قسە بکەیت؟ دەتوانی؟ ئینگلیزی؟

**سەرباز:**

تۆ خەڵکی کوێی؟



**پیاو:**

هێبیسیا.

**سەرباز:**

هێبیسیا؟

**پیاو:**

بەڵێ.

*سەربازەکە دووبارەی دەکاتەوە وەک ئەوەی بیەوێت بیری نەچێت.*

**سەرباز:**

چی دەکەی لێرە؟

**پیاو:**

بەڵێ، باشتر وایە ئێمە پرسیارت لێ بکەین تۆ چی دەکەی لێرە.

*سەربازەکە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

تۆ لە ئەتەمانیاوە هاتووی، وا نییە؟

*سەربازەکە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

دەترسم تۆ ونبووبێتی؟

**سەرباز:**

ون بوون؟

**پیاو:**

ڕێگەت ون کردبێت.... تۆ لە سنوورەکە پەڕیویتەتەوە. بەبێ هیچ

تێبینییەک.... تۆ تێدەگەیت؟

*سەربازەکە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

لەم ناوچەیە تۆ ناتوانی سنوورەکە ببینیت، چونکە هیچ...."ڕوو دەکاتە ژنەکە" چی پێ دەڵێن.... سنوور....

**ژن:**

مێخ یان سەنگەکان.

**پیاو:**

ڕاستە، سەنگەکانی سەر سنوور..... هیچ سەنگێکی داکوتراو نییە لەو بەشەی هەرێمەکە. خاکێکی وێرانەیە. لەبەرئەوە...... تۆ ڕێگەکەت ون کردووە..... تێدەگەیت؟.... ڕێگەکەت ون کردووە. بەڕێی هەڵەدا هاتووی. تۆ ئێستا لە هێبیسیای.

*سەربازەکە سەری ڕازیبوون ڕادەوەشێنێت.*

**پیاو:**

بەڵێ. تۆ چیتر لە ئەتەبانیا نیت. ئەمە هێبیسیایە.

**سەرباز:**

نەخێر" پەنجە بۆ زەوییەکە *ڕا*دەکێشێت" ئەمە ماڵی منە.

**پیاو:**

ماڵی تۆ؟

**سەرباز:**

بەڵێ.... ماڵی منە." پەنجە بۆ دەرەوەش *ڕا*دەکێشێت"، ئەوەش خاکەکەمە، نەک هێبیسیا.



**پیاو:**

نەخێر.

**سەرباز:**

بەڵێ. ئەوە ماڵەکەمە. خاکەکەمە."پەنجە بۆ شوێنێکی دوورتر *ڕا*دەکێشێت" هێبیسیا دوورە لێرەوە، لەو لایەوەیە.

**پیاو:**

"بەگومانەوە" لەولایەوەیە؟

**سەرباز:**

بەڵێ. ئێوە بە هەڵە هاتوونەتە ئێرە.

**پیاو:**

نەخێر.

**سەرباز:**

من گومانم هەیە، ئێوە خەڵکی هێبیسیان.

**پیاو:**

بەڵێ...... ئەوە ڕاستییە.

**سەرباز:**

تۆ هاتی بۆ ئێرە..... لەو هەموو ڕێگەیەوە؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

"پەنجە بۆ دەرگا کراوەکە *ڕا*دەکێشێت"، نە سەیارە... نە پاسکیل.... نە هێستر... چۆن هاتی؟

**پیاو:**

بە پێ هاتم.

**سەرباز:**

بە پێ؟ لەو ڕێیە دوورەوە.

**پیاو:**

بەڵێ

**سەرباز:**

"*بە سەر ڕاوەشاندنەوە*" زیاتر قسە بکە.

**پیاو:**

مەبەستت چییە؟

**سەرباز:**

بە هێبیسی قسە بکە.

**پیاو:**

"*بە زمانێک قسە دەکات کە سەربازەکە تێی ناگات*" تێدەگەی؟

ئەوەی گوێت لێ بوو هێبییسی بوو، گوێت لێ بوو؟

**سەرباز:**

"*سەری ڕادەوەشێنێت*" بەڵێ.

**پیاو:**

چی تر؟

**سەرباز:**

"پەنجە بۆ ژنەکە *ڕادەکێشێت*" ئەوە هاوسەرتە؟

پیاوەکە ڕەنگی تێکدەچێت.



**ژن:**

بەڵێ

*سەربازەکە بەگومانەوە تەماشای ژنەکە دەکات و دواتر ڕوو لە پیاوەکە دەکات.*

**پیاو:**

بەڵێ، هاوسەرمە.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*" تۆش لە هێبیسیاوە بە پیاسە هاتی؟

**پیاو:**

بەڵێ، ڕێگەیەکی زۆر دوورە.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*" ئەو ڕێگە دوورەت بڕی؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

من لەگەڵ ئەو قسە دەکەم.

**پیاو:**

ئۆکەی.

**ژن:**

تۆ لێرە دەژیت؟

**سەرباز:**

پێم وتی. ئەمە ماڵی منە. ئێرە هێبیسیا نییە.

**ژن:**

وە ئەمە ماڵەکەتە.

**سەرباز:**

ماڵ؟

**ژن:**

تۆ لێرە دەخۆیت و دەخەویت؟

**سەرباز:**

نەخێر. ئەمە ماڵی من نییە. ئەمە خانووی منە.... خانووی ئیشکردنمە......"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*" تۆ چی دەکەی لێرە؟

**پیاو:**

لە ماڵەکەی تۆدا؟ هیچ. ئێمە هیچمان نەکردووە. ئێمە تەنها بۆ شوێنێک دەگەڕێین تێیدا بحەوێینەوە، تۆ دەزانی..... دەرگاکە دانەخرابوو....... ئێمە پێمان باش بوو..... هیچی خراپ ڕووی نەداوە.

**سەرباز:**

حەوانەوە؟

**پیاو:**

شوێنێک بۆ پشوو، تۆ دەزانی. ئیسراحەت. پاڵکەوتن. ئەو زۆر ماندووە. ئێمە پێمان وابوو ئێرە باشە.

**ژن:**

"*ڕوو لە سەربازەکە دەکات*" ئێمە ئێستا ئەڕۆین گەر دەتەوێ.

**سەرباز:**

ڕۆیشتن؟



**ژن:**

بەڵێ، ڕۆیشتن.

**سەرباز:**

بۆ کوێ؟

**ژن:**

بۆ هێبیسا. ئێمە هیچمان نەکردووە.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*" دەگەڕێنەوە بۆ هێبیسیا؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

لە هێبیسیاوە هاتوون؟

**ژن:**

ئێمە دەمانەوێت جارێکی تر بگەڕێینەوە.

**پیاو:**

ئەگەر ئێمە نەتوانین شەوێک بمێنیەوە.... دەتوانین؟ هیچ شتێک ڕوونادات، وا نییە؟ ئێمە دەتوانین لەسەر زەوییەکە بخەوین؟ ئەگەر لای تۆ ئاسایی بێت؟ ئێمە پارە دەدەین، دۆلاری ئەمریکی.

**سەرباز:**

"*سەربازەکە سەر ڕادەوەشێنێت، ئەوەش بە مانای "نا" نەبوو، بەڵکو دەیویست دەری بخات کە قسەکانتان ڕاست نییە*" ئێوە بەڕاستی قسە ناکەن.

**پیاو:**

پارە دەدەین.

**سەرباز:**

"*ڕوو لە ژنەکە دەکات*" شتێک بڵێ.

**ژن:**

مەبەستت چییە؟

**سەرباز:**

بە هێبیسی قسە بکە.

**پیاو:**

ئەو زۆر ماندووە.

**سەرباز:**

"*ڕوو لە ژنەکە دەکات*" وەرە.

**پیاو:**

تکایە لێی گەڕێ.

**سەرباز:**

"*ڕوو لە پیاوەکە دەکات و بە پەنجە ئیشارەت دەکات کە قسە مەکە*" پێم وتی من قسە لەگەڵ ئەو دەکەم."*ڕوو لە ژنەکە دەکات*" دەی شتێ بڵێ! تۆ هێبیسی نیت، تۆ لە کوێیەوە هاتووی.

"*ژنە وڵام ناداتەوە، پیاوەکەش هیچ ناڵێت، سەربازەکە باوەشی دەکاتەوە*".

**پیاو:**

وا مەکە.





**سەرباز:**

"*ڕوو لە ژنەکە دەکات*" تۆ لە ئاتامانیاوە هاتوویت؟

**پیاو:**

تکایە.

**سەرباز:**

"*ئیشارەت بۆ پیاوەکە دەکات کە بێدەنگ بە و ڕوو دەکاتەوە ژنەکە*" لە ئاتامانیاوە؟

"*سەربازەکە شانی ژنەکە ڕادەوەشێنێت. ژنەکە هەوڵ دەدات خۆی لێ دەرباز بکات، بەڵام ناتوانێت*".

**سەرباز:**

پێم بڵێ.

**ژن:**

"*تەماشای پیاوەکە دەکات و شانی ڕادەوەشێنێت*" بەڵێ من لە ئاتامانیاوە هاتووم.

**سەرباز:**

کەواتە تۆ خەڵکی ئاتامانیای؟

**ژن:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

لە شەڕ هەڵاتووی؟

**ژن:**

بەڵێ. من پەنابەرم.

**سەرباز:**

پەنابەر؟

**ژن:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

تۆ وادەزانی هاتووی بۆ هێبیسیا؟

**ژن:**

بەڵێ.

سەربازەکە قۆڵی ژنەکە بەردەدات و ژنەکە دادەنیشێت.

**سەرباز:**

"*ڕوو لە پیاوەکە دەکات*" دەبینی؟ ئێوە ڕێتان هەڵە کردووە.....
ئەوە ڕاستییەکەیە.... لەبەرئەوە..... دوو پەنابەر.

**پیاو:**

نەخێر. یەک پەنابەر.

**سەرباز:**

یەک پەنابەر؟

**پیاو:**

من پەنابەر نیم.

**سەرباز:**

ژنەکەت پەنابەرە؟

**پیاو:**

بەڵێ.



**سەرباز:**

بەڵام تۆ نا؟

**پیاو:**

نەخێر.

**سەرباز:**

چۆن هاتی.

**پیاو:**

ئەوە ڕاستییەکەیە... من هێبیسیم. ئاتامانی نیم. لەبەرئەوە من پەنابەر نیم.

**سەرباز:**

تۆ درۆ دەکەیت.

**ژن:**

نەخێر. من درۆ دەکەم. من ژنی ئەو پیاوە نیم. من ئاتابانیم. ئەو هێبیسییە. ئێمە بەیەکەوە نین.... ئەوە ڕاستییەکەیە. ئەو لێرە بوو کە من هاتم.

**سەرباز:**

ئەو"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*" تۆ لێرە بووی؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

"*ڕوو لە پیاوەکە دەکات*" بۆچی؟

**پیاو:**

من هاتم بە...... من بە سەفەر هاتم..... تۆ دەزانی خەڵکی لە

هێبیسیا دەتوانن لە وڵاتەکەی تۆدا بە ئازادی سەفەر بکەن. بەبێ مۆڵەتی سەفەر.

**سەرباز:**

دەزانم.

**پیاو:**

لەبەرئەوە؟

**سەرباز:**

چی دەکەی لێرە؟

**پیاو:**

بۆ نا؟

**سەرباز:**

ئێرە چۆڵەوانییە. ئاتامانیا زۆر نزیکە.

**پیاو:**

من سیخوڕ نیم. وەک ئەوەی تۆ بڕوات وایە. من تەنها بە ڕێکەوت هاتمە ئێرە. من نووسەرم. من لە بارەی وڵاتەکەتانەوە سەرگەرمی نووسینی ڕۆمانێکم. بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکەم سەبارەت بە جەنگە. من سەردانی وڵاتەکەتانم کرد بۆ ئەوەی بتوانم لە بارەی جەنگەوە بنووسم. من تەنها تەماشای دەوروبەرم دەکەم، تۆ دەزانی. خەڵکی ئاسایی دەبینم. تێدەگەی من چی دەڵێم؟ من چەندین ڕۆژە لێرەم. من لەگەڵ چەندین کەسدا قسەم کردووە. من لەسەر لێکۆڵینەوەم. وەک ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین. وەک هەر نووسەرێک کە پێش ئەوەی کتێبێک بنووسێت دەیەوێت



بەرچاوڕوونی هەبێت.

*سەربازەکە بەگومانەوە تەماشای پیاوەکە دەکات.*

**پیاو:**

لەبەرئەوە من دەڕۆم بۆ ئاتامانیا.... کاتێک کە شەڕ تەواو بوو. "*بە لاچاو تەماشای ژنەکە دەکات*"، من هەوڵ دەدەم ئەوە بکەم.

**سەرباز:**

نە سەیارە هەیە و نە پاسکیل.

**پیاو:**

من ناتوانم سەیارەم هەبێت. نووسەران دەوڵەمەند نین....... لەبەرئەوە من حەز دەکەم بە پا بڕۆم.

**سەرباز:**

تۆ حەز دەکەی بە پیاسە بڕۆی؟

**پیاو:**

من دەتوانم چەندین سەعات بە پێ بڕۆم. تۆ دەبینی دەتوانی زیاتر بڕۆی. تۆ بە ڕۆیشتن بە پێ خەڵکی زیاتر دەبینی.

سەربازەکە بەگاڵتەیەکەوە وەک ئەوەی کە بڕوای پێنەکات. پەنجە بۆ جانتاکە ڕادەکێشێت.

**سەرباز:**

جانتا بچووکەکە. مەبەستم زۆر بچووکەکەیانە. بۆ ئەوەی چەندین ڕۆژی تریش لێرە بێت.

**پیاو:**

ئەو جانتایە هی من نییە. خۆی لێرەبوو.

*پیاوەکە کامێراکەی خۆی هێنا ئەو جانتایەی کە کامێراکانی تێدا نەبوو.*

**پیاو:**

تۆ پێویستە متمانە بە من بکەیت، متمانەم پێدەکەیت؟ من ئەو جانتایەم لەوێ دانا کاتێک ئەو ژنە هاتە ئێرە.......من نەمزانی ئەو ژنە کێیە...... تۆ دەتوانی بیکەیتەوە گەر دەتەوێ.

*سەربازەکە بەگومانەوە تەماشای پیاوەکە دەکات. پیاوەکە جانتاکەی دەکاتەوە. سەربازەکە دەستی لەسەر کیفی دەمانچەکەی دادەنێت. پیاوەکە دەفتەری تێبینییەکانی دەردەهێنێت.*

**پیاو:**

سەیرکە چەندین تێبینی تێدا نووسراوە. من نووسەرم.

**سەرباز:**

ناوت چییە؟

**پیاو:**

کاتیڤەری.

**سەرباز:**

یەکەم ناوت؟

**پیاو:**

هێسڵ.

**سەرباز:**

هیچم لە بارەی تۆوە نەبیستووە.



**پیاو:**

من بە هێبیسی دەنووسم..... لەبەرئەوە، من بەناوبانگ نیم.

**سەرباز:**

بەناوبانگ؟

**پیاو:**

ناسراو. من نەناسراوم. هیوادرام بناسرێم.

**سەرباز:**

تۆ درۆ دەکەی.

*سەربازەکە دەچێت بۆلای دەرگاکەو تەماشای دەرەوە دەکات.*

**ژن:**

"*ڕوو دەکاتە سەربازەکە*" ئێستا ئێمە دەتوانین بڕۆین؟

**سەرباز:**

نەخێر.

**پیاو:**

بۆ نا؟

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*" بۆ هێبیسیا؟

**ژن:**

بەڵێ. ئەو پێی وتم کە دەتبەم بۆ هێبیسیا .

**سەرباز:**

وای وت؟

**ژن:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

نا تۆ ناتوانی بڕۆی.

**ژن:**

بۆ ناتوانم؟

*سەربازەکە* وەڵامی ژنەکە *ناداتەوە*.

**ژن:**

تۆ دەتوانی بڕۆی.

**سەرباز:**

من؟

**ژن:**

بەڵێ بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە و بە تەنها جێمان بێڵە.

*سەربازەکە* وەڵام *ناداتەوە*.

**ژن:**

وەک ئەوەی کە ئێمەت هەر نەبینیوە.

**سەرباز:**

نەخێر.

**ژن:**

تۆماڵت هەیە، وا نییە؟

**سەرباز:**

تۆ زۆر قسە دەکەی.



بێدەنگییەک. *سەربازەکە لە دەرگاکەوە تەماشای دەرەوە دەکات.*

**ژن:**

چاوەڕێی کەسێ دەکەی؟

*سەربازەکە* وەڵام *ناداتەوە*.

**ژن:**

چاوەڕێی گروپەکەت دەکەی؟

*سەربازەکە* وەڵام *ناداتەوە*.

**ژن:**

بۆ ئێمە گوێمان لێیان نییە؟....... دێت، نە ئۆتۆمۆبیلی لێیە.

**سەرباز:**

دەمت داخە!

**ژن:**

تۆ دەزانی من بیر لە چی دەکەمەوە؟

**سەرباز:**

گرینگ نییە بەلامەوە تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە.

**ژن:**

من وای بۆ دەچم تۆ لە گروپەکەت هەڵاتبێتی.

*سەربازەکە گاڵتەی* بە ژنەکە *دێت*.

**ژن:**

تۆ دابڕاوی.

**سەرباز:**

"*بە گاڵتەجاڕییەوە*"، دابڕاو؟ قسەی قۆڕ. بۆ؟ سەرباز هەڵبێ، تۆ

دەزانی........" *ئیشارەتێک بەرەو لاملی دەکات*"، من لێرەم.....
یەک ڕۆژی تۆ، خێزانەکەم دەبینم. من سبەینێ بەیانی دەڕۆمەوە.

**ژن:**

ژن و منداڵەکانت دەبینیی؟

**سەرباز:**

تۆ قسە زۆر دەکەی.

**ژن:**

تۆ هاوسەرت نییە؟

**سەرباز:**

دەمت داخە.

**ژن:**

هاوڕێی کچت هەیە؟

**سەرباز:**

چیم وت؟" *سەربازەکە دەست دەخاتە سەر دەمی* "وس بە"، دەرگاکە دادەخات". بێدەنگ نەبیت دەتکوژم.

**ژن:**

دەزانم.

**سەرباز:**

کەس بیرت ناکات.

**ژن:**

تۆ هەڵەی. زۆرێک خەڵک لە کاپو بیم دەکەن..... تۆ نازانی کاپو لە کوێیە؟ دەزانی؟



**سەرباز:**

بەڵێ...... خەڵکی دەوڵەمەند لە کاپو دەژین.

**ژن:**

هەروەها خەڵکی ئاسایی لە کاپو دەژین.

**سەرباز:**

تۆ دەوڵەمەندی؟

**ژن:**

مەبەستت چییە لە دەوڵەمەندبوون؟ زۆرێک لە کاپو سووتاوە. ڕۆژێک دەوڵەمەند و ڕۆژێک هەژار. پارە سوودی چییە کاتێک هاوڕێ کورەکەت بکوژرێت؟ پارە ناتوانێ جارێکی تر مرۆڤێکی کوژراو بگەڕێنێتەوە.

**سەرباز:**

هاوڕێی کوڕ؟ کوژراو؟

**ژن:**

بەڵێ. کچانی موسوڵمان هاوڕێی کوڕیان نییە. باوکم وای وت. ئەو هەیەتی؟

**سەرباز:**

بۆ پارەیەکی زۆر.

**ژن:**

ئۆ باشە. وە زۆرێک لە مەسیحییەکان بڕوایان بە سانتا کلۆس هەیە.

**سەرباز:**

شتی وام پێ مەڵێ کە بیرم بچێتەوە. ڕاستی بڵێ.

ژنەکە وەڵام *ناداتەوە*.

**سەرباز:**

ڕاستی. قنم. هەموو ڕاستییەک.

**پیاو:**

تۆ پێویست ناکات پرسیاری لێ بکەیت.

**سەرباز:**

گەر بمەوێت پرسیاری لێ بکەم، لێی دەکەم، باش؟

**پیاو:**

باش.

**سەرباز:**

"ڕوو *دەکاتە* ژنەکە"، بۆچی تۆ لێرەی؟

**ژن:**

لەبەرئەوەی هاوڕێ کوڕەکەم کوژرا . ئەو لە زانکۆکە درایە بەر دەستڕێژی گوللە. لە کاتی شەڕدا .

**سەرباز:**

ئەی دوای ئەوە چی؟ شەڕێکی کورت؟ سەربازێک کوشتی؟ بۆچی ڕایکرد؟

**ژن:**

ئەو سەرباز نەبوو. ئەو تەنها خوێندکارێک بوو.



**سەرباز:**

شەڕ شەڕە. بۆ هەڵاتن؟

**ژن:**

سەربازەکان بە هەڕەمەکی تەقەیان لە خەڵکی ئاسایی دەکرد، ئەوە شەڕ نەبوو، ئەوە تاوان نەبوو. من دەمەوێت ئەوان پاشەکشە بکەن.

**سەرباز:**

تۆ چی؟

**ژن:**

من دەمەوێ ئەوان پاشەکشە بکەن. من دەمەوێ لە ماڵێکدا بیانبینم..... پێش دادگایی کردن. لەبەرئەوەیە کە من لێرەم.

سەربازەکە گاڵتەی بە ژنەکە دێت.

**ژن:**

کاتێک شەڕ تەواو بوو. من دەگەڕێمەوە و دەیاندۆزمەوە ئەوان لە کوێن.

**سەرباز:**

دەیاندۆزیتەوە؟

**ژن:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

چۆن؟

**ژن:**

سەیرکە، وێنەگرێکی لێ بوو. ئەو وێنەگرە وێنەیەکی زۆری گرت.

**سەرباز:**

وێنە؟

**ژن:**

بەڵێ وێنەی سەربازەکانی گرت.

**سەرباز:**

تۆ بینیانت؟

**ژن:**

نەخێر.

**سەرباز:**

تۆ بینیتت؟

**ژن:**

وێنەگرەکە؟

**سەرباز:**

بەڵێ.

**ژن:**

نەخێر. من نەمبینی.... من لە بارەیەوە گوێم لێ بوو. بەڵام دوای شەڕەکە..... تۆ بڕوا ناکەی کە من چیت پێ دەڵێم، دەتوانم؟ تۆ وادەزانی من ئەمانە هەڵدەبەستم؟

**سەرباز:**

نەخێر. ئەو لەوێیە. من دەزانم. وێنە دەگرێت.

**ژن:**

تۆ بینیت؟



**سەرباز:**

نەخێر. پێیان وتم. ئەوان وتیان ئەو بە ئینگلیزی قسە دەکات

**ژن:**

ئەوە خۆیەتی.

**سەرباز:**

"بەپێکەنینەوە" ئەو پیاوێکی مردووە.

**ژن:**

مردووە؟

**سەرباز:**

بەردێکی مردوو.

**ژن:**

چۆن دەزانی؟

**سەرباز:**

هاوڕێ سەربازەکانم فەرمانیان پێدراوە بیدۆزنەوە.

**ژن:**

هاوڕێکانت؟ تۆ لە زانکۆکە بوویت؟ تۆ تەقەت لێ کرد؟

**سەرباز:**

نەخێر. سەربازەکانی تر بوون ئەوەیان کرد. ئەو شێتانە. ئەوان پێیان وابوو وێنەگرە شێتەکە.... لە تەنیشتمانەوەیە..... وانەبوو......" *قسەکانی بۆ ناوترێ و لە قسە کردن دەوەستێت*"، بۆ جەهەننەم.

**ژن:**

ئەوان بڕوایان بەو نەبوو؟

**سەرباز:**

نا، بڕوابوون نا. بۆ ئەوان بڕوا بکەن؟ ئەو چەندین ڕۆژ لەگەڵیان بوو....... سەربازە باشەکان..... ئەو وای دەوت. ئیشیان بۆ دۆزییەوە. هەمیشە لەگەڵ سەربازەکان دەڕۆیی. لە زانکۆکەوە ئەو زوو بۆ شارۆچکەیەک......... دوور لە شارەکەوە.....شێتانە. دەبوو بیانکوشتایە.

**ژن:**

بۆ؟

**سەرباز:**

ئەو لە بەرەی ئێمە نەبوو؟ بارەگاکە لەدەرەوە بوو. سەرلەبەیانی دواتر هاوڕێ سەربازەکانم فەرمانیان پێ کرا.... ڕۆیشتن هێنایان.

**ژن:**

کاتێک تۆ هاتی بۆ ئێرە..... هاوڕێ سەربازەکانت بینییەوە؟ ئەو ڕۆیشتبوو؟

**سەرباز:**

بەڵێ ئەوان لە خانوویەکی کۆنی خراپدا بوون. دەرگەی نەبوو. پەنجەرەی نەبوو. کەسێ نەیبینی کە ڕۆیی...... ئەوان سەرخۆش بوون..... عەقڵیان لەدەست دابوو. پیاوە وێنەگرەکە لە بەرەی ئێمەبوو. هاهاها.

**ژن:**

کەواتە ئەو هێشتا لە ژیاندا ماوە..... لە شوێنێکە.... لەگەڵ وێنەکانیدا.



**سەرباز:**

ماوەیەکی درێژ نا. قنم. وێنەگرەکەت مردووە.

**ژن:**

گەر ئەو ئینگلیز بێت، یەکێک باسی دەکات کە چی بەسەر هاتووە. وە چی کردووە.

**سەرباز:**

"بە بزەیەکەوە"، ئەوان هەرگیز نایدۆزنەوە..... بەڵام ئێمە شتێک لە بارەیەوە دەزانین.... ئەوان حەزناکەن ببیستن کە لە بەریتانیایە.

**ژن:**

چۆن دەزانی؟

**سەرباز:**

من پێت ناڵێم.

**پیاو:**

من داواکارییەکم هەیە." پیاوەکە بەرەو جانتاکەی دەڕوات. سەربازەکە تەماشای دەکات. خۆی ئامادە دەکات و دەست دەخاتە سەر کیفی دەمانچەکەی. دەستی لەسەر دەمانچەکە دادەنێت. بە چاوەکانی چاودێری پیاوەکە دەکات بزانێ چی دەکات. پیاوەکە چەند پارەیەکی کاغەز دەردەهێنێت. سەربازەکە ئاهێکی بەبەردا دێتەوە". ئەمانە بگرە و بڕۆرەوە بۆ ماڵ. بیری بکە کە لێرە بوویتە. سەردانی خێزانەکەت بکە. چاوەکانت دابخەو چانسی ئەوەمان پێ بدە بڕۆینەوە بۆ هێبییسیا.

*سەربازەکە پارەکە وەرناگرێت.*

**پیاو:**

لێم تێگەیشتی؟

**سەرباز:**

بەڵێ.

**پیاو:**

کەس نازانێت.

*سەربازەکە پێکەنینی بە پیاوەکە دێت.*

**پیاو:**

تکایە.

**سەرباز:**

چۆن هەوڵ دەدەی کە بمکڕی؟

**پیاو:**

نا من داوای بەزەییت لێ دەکەم. ئەو کچە گەنجە. بێتاوانە.....
من دەیبەم و لە کەمپی پەنابەران لە هێبیسیا دایدەنێم.

**سەرباز:**

تۆ چی دەزانی؟ من حەز بە تۆ ناکەم.

**پیاو:**

دەزانم. بەڵام تۆ ئەوە لەبەر خاتری من ناکەیت. تۆ لەبەر خاتری ئەم کچە ئەوە دەکەیت. تۆ ئەوە دەکەیت لەبەرئەوەی ئەوە شتێکی باشە بۆ تۆ. چی تر؟ هیچ شتێک نییە لە.....

**سەرباز:**

لە چیدا؟ بیکوژم؟ حەزدەکەم. ئەو هاوڵاتی ئاتامانییە، تۆ دەزانی.



**پیاو:**

ئەوەیە هەمە. دووسەد و پەنجا دۆلاری ئەمریکی؟

**سەرباز:**

"بەپێکەنینێکی *گاڵتەجاڕییەوە ڕوو دەکاتە ژنەکە*" چەندت پارە پێیە؟

**ژن:**

هیچ.

**سەرباز:**

هیچ؟ قنم. تۆ درۆدەکەی.

**ژن:**

بۆچی درۆ دەکەم؟

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*"، جانتاکەت بێنە.... بیکەرەوە.

"پیاوەکە جانتاکەی ئالاکا دەکاتەوە. چەند لاپەڕەیەکی لوولکراو دەردەهێنێت کە بسکیتی تێدایە، بتڵێک و خاولییەک و جلی خۆگۆڕین و جلی ژێرەوەی تێدایە. سەربازەکە سەیری دەکات جانتاکە بەتاڵە".

**سەرباز:**

بەردەوام بە.

"*پیاوەکە لە گیرفانەکەیدا جزدانێک دەدۆزێتەوە. چەند پارچە کاغەزێک دەردەهێنێت*".

**سەرباز:**

دۆلاری ئەمریکییە؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**سەرباز:** چەندە.

**پیاو:**

"تێکدەچێت" وەرە.

**پیاو:**

"*پارەکە دەژمێرێت*" سەد دۆلار.

سەربازەکە دەستی بۆ ڕادەکێشێت و پیاوەکەش پارەکەی دەداتێ.

**سەرباز:**

"ڕوو دەکاتە ژنەکە" ڕۆژێک دەوڵەمەندی و ڕۆژێکی تریش هەژار.

**ژن:**

ئەوە جانتای من نییە.

*سەربازەکە بەگاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێت.*

**ژن:**

ئەوە جانتای ئالاکایە. پارەی ئەوە.

**سەرباز:**

هی ئالاکا؟

**ژن:**

باشترین هاوڕێم.

**ژن:**

لە کاپو؟



**ژن:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

ئەوە بەرازێکی دەوڵەمەندە. ئێستا لە کوێیە؟

**ژن:**

ئەو مرد.

*پیاوەکە دەیەوێت ٢٥٠ دۆلارەکە بدات بە سەربازەکە.*

**پیاو:**

تکایە ڕێگەمان بدە بڕۆین.

*سەربازەکە پارەکە وەرناگرێت. ئەو تەنانەت تەماشای پیاوەکەش ناکات. ئەو بە گاڵتەپێکردنەوە تەماشای ژنەکە دەکات.*

**سەرباز:**

"بە بزەیەکی *ناشرینەوە*" باشترین هاوڕێت مردووە.

**ژن:**

بەڵێ.

**سەرباز:**

کەچی تۆ جانتاکەیت هێنا؟

**پیاو:**

سێ سەد و پەنجا دۆلار؟

*سەربازەکە ئێستاش ئامادە نییە پارەکە لە پیاوەکە وەربگرێت.*

**سەرباز:**

نا.

**ژن:**

هەرچۆنێک بێت پێت دەڵێم. ئەو لاقە کرا. وە دواتر گوللەباران کرا. تۆ دەتەوێ پێت بڵێم لە کوێ؟

**سەرباز:**

نەخێر. من گرینگی بەوە نادەم.

**ژن:**

شەوی ڕابردوو. حەز دەکەی بزانی لە کوێ؟

**سەرباز:**

نەخێر.

**ژن:**

لە قوتابخانەیەکی گوندێکی سوور. نە پەنجەرەی هەبوو نە دەرگا.

**پیاو:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*"، پێویست ناکات.....

**ژن:**

"*قسەی پێ دەبڕێت*"، بەڵێ. پێویستە بیڵێم. ئێمە ناتوانین بە یاری پشیلە و مشکەکە بەردەوام بین." ڕوو دەکاتە سەربازەکە" تۆ لەوێ بووی......

**سەرباز:**

بەڵێ. وە هەروەها تۆش لەوێ بووی؟

**ژن:**

بەڵێ.

"*وەستانێک، سەربازەکە تا ئێستاش بە گاڵتەجاڕییەکەوە بزەیەک دەیگرێت*".



**سەرباز:**

من ئەو دەیناسم.

**ژن:**

ئەو؟

**سەرباز:**

بەڵێ.

**ژن:**

کێ دەناسیت؟

**سەرباز:**

ئەو پیاوەی کە کچەکەی لاقە کرد.

**ژن:**

تۆ لاقەت کرد.

**سەرباز:**

نەخێر. ئەو لاقەی کرد.

**ژن:**

زیارد لە کەسێک بوون.

**سەرباز:**

بەڵێ. بەڵام ئەو.....ئەو زۆرترین....... تۆ دەزانی. ئەو حەزی لێ بوو...... هەروەها تۆش دەیناسی.

**ژن:**

من دەیناسم؟

**سەرباز:**

بەڵێ. ئەوەی دوای وێنەکان کەوتبوو.... بەڵێ..... ئەو کوڕەی کە وێنەکانی دەگرت. ئەو هەموو شەوێ لەوێ بوو. ئەو لاقەی کرد.

**ژن:**

نەخێر.

**سەرباز:**

چەندین جار.

**ژن:**

نەخێر.

**سەرباز:**

بەڵێ. ئەو لاقەی کرد.

**ژن:**

تۆ درۆ دەکەیت. تۆ هەرگیز نەتبینیوە. کاتێک تۆ هاتی ئەو ڕۆیشتبوو.

**سەرباز:**

ئەوان لە بارەی وێنەگرەکەوە هەموو شتێکیان بە من وت.

**ژن:**

ڕەنگە کەسێکی تر بووبێت. ئەو نەبووە. ئەو لە بەری ئێوە نەبوو.... ئەوە بەخۆت بڵێ.

**سەرباز:**

ئەو لاقەی کرد، قنم. ئەو هەروەها لاقەی کچەکانی تریشی کرد.

**ژن:**

تۆ درۆ دەکەیت.



**سەرباز:**

بۆ درۆ بکەم؟ ئەو تێکەڵی سیانیان ببوو.... بەڵێ...... ئەو حەزی لە سێکس بوو. حەزی لێ بوو..... کێ گرینگی پێ دەدات؟... بە تەوسەوە... کچە ئاتابانییەکان... هاهاها.

**ژن:**

تۆ ئەم قسانە هەڵدەبەستیت.

**سەرباز:**

نەخێر.

**ژن:**

تۆ لاقەت کردن. تۆ گوللەبارانت کردن.

**سەرباز:**

من لەوێ نەبووم.

**ژن:**

بەڵێ تۆ لەوێ بووی.

**سەرباز:**

نەخێر.

**ژن:**

کاتێک تۆ هاتی.... سەرلەبەیانی.... تۆ و هاوڕێ سەربازەکانت... هەندێکتان هاتنە ئەو ژوورەی کە منی لێ بووم. بەڵام تۆ.... تۆ ڕۆشتی بۆ ئەو ژوورەی کە ئالاکا و دیۆ و هێبۆی لێ بوو.

**سەرباز:**

نەخێر.

**ژن:**

تۆ پێویست بوو لەوێ بی.

**سەرباز:**

پێویست بوو؟

**ژن:**

لەو کاتەدا هەموو هاوڕێکانم هێشتا مابوون. تۆ لاقەت کردن.
دوای ئەوە تۆ گوللەبارانت کردن.

**سەرباز:**

نەخێر!

**ژن:**

گەر تۆ لە قوتابخانەی سوور نەبووی ئەی لە کوێ بووی؟

**سەرباز:**

قسەی قۆڕ."*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*" ئەو.....

**ژن:**

من تەرمەکانم بینی. ئەوان جلیان لەبەردا نەبوو وە هەموو گیانیان بە خوێنەوە بوو.

"*سەربازەکە دەست بۆ سەری خۆی دەبات وەک ئەوەی بڵێت ئەم ژنە شێت بووە*".

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*" چی پێ دەڵێی؟.... شێت؟

**پیاو:**

نازانم.



**سەرباز:**

بەڵێ تۆ دەزانی.... شێت.

**پیاو:**

بەڵێ، شێت. لەدەستدانی عەقڵ.

**ژن:**

نا. من شێت نیم.

**سەرباز:**

تۆ عەقڵت لەدەست داوە.

**ژن:**

نەخێر.

*ژنەکە سەربازەکە ڕادەکێشێت و لێی دەدات. پیاوەکە دێتە پێشەوە بۆ یارمەتیدان. سەربازەکە خۆی ڕادەپسکێنێت. دەمانچەکە دەکەوێتە سەر زەوییەکە. ژنەکە هەڵیدەگرێتەوە. پیاوەکە شەڕ دەکات.*

**ژن:**

بوەستە..... بوەستە.

"*ئەوان تەماشای ژنەکە دەکەن. ژنەکە پەنجە بۆ دەمانچەکە ڕادەکێشێت. ئەوان شەڕەکە دەوەستێنن.*"

**ژن:**

"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*" هەڵسە."*ڕوو دەکاتە سەربازەکە*" تۆ نا.

*پیاوەکە هەڵدەسێت و سەربازەکە هەر بەدانیشتنەوە دەمێنێتەوە؟*

**پیاو:**

تەقە لە سەربازەکە بکە.

**ژن:**

نا.... "*ڕوو دەکاتە سەربازەکە*"، بڕۆ دەرەوە لێرە.

"*سەربازەکە بەرەو لای دیوارەکە دەجوولێت. هەر پێدەکەنێت. پێکەنینێکی گاڵتەجارانە لەسەر لێوەکانێتی*".

**پیاو:**

بۆ تەقەت لێ نەکرد؟

"*ژنە وەڵام ناداتەوە*"

**پیاو:**

ئەو لاقەی ئالاکای کردووە.

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

گوللەبارانیشی کردووە.

**ژن:**

بەڵێ.

**پیاو:**

ئەو هەروەها کچەکانی تریشی لاقە کردووە....... هاوڕێکانت.... گوللەبارانی کردن.

**ژن:**

دەزانم.

**پیاو:**

گەر تۆ ناتوانی.... من دەتوانم. دەمانچەکەم بدەرێ.



"*ژنە هیچ پەرچەکدارێکی نییە*"

**پیاو:**

شەڕ بەردەوامە.

**ژن:**

تۆ پێویستە ئەوە بە من نەڵێی.

**پیاو:**

ئەوە شەڕە.

"*ژنەکە دەستەکانی بڵاو دەکاتەوە. دەستی ڕادەوەشێنێت*"

**پیاو:**

بۆ نا؟

**ژن:**

من سەرباز نیم.

*پیاوەکە هەوڵ دەدات دەمانچەکەی لێ بسێنێت. ژنەکە ئیشارەتی بۆ دەکات کە دوور بکەوێتەوە.*

**پیاو:**

گەمژە.... تۆ دادپەروەریت دەوێ لەجیاتی تۆڵە. وا نییە؟

*ژنە وەڵام ناداتەوە.*

**پیاو:**

باشە، هەوڵ بە دادپەروەر بە. بیکوژە.

**ژن:**

بیکوژم؟.... نا. ئەمە ژووری مەحکەمە نییە و منیش جەلاد نیم...وە....

**پیاو:**

تۆ ڕاست دەکەی. ئێرە ژووری مەحکەمە نییە، ئێرە مەیدانی شەڕە. ئەو دوژمنی تۆیە. تۆ پێویستە شتێک بکەیت.

"*ژنەکە وەڵام ناداتەوە. دەستەکانی ڕادەوەشێنێت و بەرەو جانتای سەربازەکە دەڕوات. دەیکاتەوە و ئەمدیو ئەودیوی دەکات. ملوانکەیەکی ئاڵتوون دەدۆزێتەوە*" .

**پیاو:**

بەڵگەت دەوێت، وا نییە؟ بۆ ژووری مەحکەمەکەت؟ زنجیری ئاڵتوونی کە نیوە مانگێکی پێوەیە.

"*ژنەکە ملوانکە ئاڵتوونەکە هەڵدەگرێت*"

**پیاو:**

تۆ حەز دەکەی ئەوە نەبینیت.

"*ژنەکە دەستی ڕادەوەشێنێت*"

**پیاو:**

ئەو سەلماندنە بەس نییە؟ یاسای ڕاستەقینە دەڵێ بەڵێ.... تەقەی لێ بکە.

**ژن:**

"ڕوو دەکاتە سەربازەکە"، شتێ بڵێ.

**سەرباز:**

"هێشتا هەر بزە گرتوویەتی"، بۆزی؟ هەر شتێ بڵێم تۆ دەڵێی درۆ دەکەی.

**ژن:**

ئەم ملوانکەیە هی ئالاکایە.



**سەرباز:**

هی ئەوە؟ چۆن دەزانی؟

**ژن:**

زنجیرێک ئاڵتوون، نیوە مانگێکی پێوەیە.

**سەرباز:**

"بە بزەیەکەوە" چۆن دەزانی هی ئەوە؟

**پیاو:**

تەقەی لێ بکە.

**سەرباز:**

تۆ دوو جانتات هێنابوو.

**پیاو:**

تۆ ئالاکات لاقە کرد. تۆ زنجیرەکەت دزیوە.

**سەرباز:**

بۆچی جانتاکەی ترت هێناوە؟

**پیاو:**

ئەو دەتکوژێت.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*" لێی بپرسە.

**پیاو:**

ئەو قسەی قۆڕ دەکات.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*"، ئەو دوو جانتای هێناوە. تەماشای بکە.

"*سەربازەکە پەنجە بۆ ئەو شوێنە ڕادەکێشێت کە پیاوەکە جانتای دووەمی لێ شاردەوە ئەو کاتەی کە شانۆگەرییەکە دەستی پێ کرد*".

**پیاو:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*" بیکوژە.

**ژن:**

چی؟

**پیاو:**

گوێی لێ مەگرە. ئەوە تەڵەیە. ئەو نابێ شێتمان بکات.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*"، لەوێ.

"*ژنەکە بەرەو لای جانتای پیاوەکە دەسووڕێتەوە. لە شوێنە شاراوەکە دەری دەهێنێت. کامێرا پێچراوەکە هەڵدەگرێت و تەماشای پیاوەکە دەکات. وەستانێک دروست دەبێت. ژنەکە چاوەڕێی پیاوەکە دەکات کە قسە بکات بەڵام ئەو هیچ ناڵێت.*"

**ژن:**

"*ڕوو لە پیاوەکە دەکات*"، کەواتە وێنەگرەکە ئینگلیز نییە.

**پیاو:**

بڕوا بەو قسانە مەکە کە بۆتی کرد.... بڕوا دەکەی؟ من نووسەرم.

"*سەربازەکە بە گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێت*".

**پیاو:**

بەڵێ ئەوە ڕاستییەکەیە. من نووسەرم. من خەڵکی هێبیسیام.



بەڵگەت دەوێ؟

"*ژنەکە زنجیرەکە لەسەر زەوییەکە هەڵدەگرێت و دەیخاتە نێو جانتای یەکەمەوە*".

**پیاو:**

سەیرکە. ئەو تێبینییانە بۆ ڕۆمانەکەمە.

**ژن:**

"*دەستەکانی ڕادوەشێنێ*"، نەخێر وا نییە.

**پیاو:**

تێناگەم. تۆ باست لە دادپەروەری دەکرد، وانەبوو؟

"*پیاوەکە دەست بۆ دەفتەری تێبینییەکە دەبات و ژنەکەش نایەڵێت*"

**ژن:**

لە شوێنی خۆی دایبنێوە.

**پیاو:**

تۆ متمانەت بە من نییە؟

**ژن:**

نەخێر. پێت دەڵێم دایبنێوە.

**پیاو:**

باشە.

"*پیاوەکە دەفتەری تێبینییەکە لەسەر زەوییەکە دادەنێت. ژنەکە هەڵی دەگرێت و لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە*".

**ژن:**

چوار لاپەڕە؟

**پیاو:**

من دەبێ وەریان بگێڕم.

**ژن:**

لەبەر چی؟

**پیاو:**

تۆ ناتوانی بیانخوێنیتەوە، دەتوانی؟

**ژن:**

چوار لاپەڕە. ئەوانی تر ڕەشن.

**پیاو:**

وە لەبەرچی؟ هەرچۆنێک بێت ئەوانە تێبینییەکانمن.

**ژن:**

تێبینی بۆ نووسینی ڕۆمان؟

**پیاو:**

تۆ پێویستە بڕوام پێ بکەی.

**ژن:**

حەزم دەکرد بمتوانیایە. کتێب ژیانێکی ڕاستەقینە نییە. بیرتە؟ نووسەر ئەوە دەڵێت؟

**پیاو:**

مەبەستم ئەوە نەبوو.

**ژن:**

تۆ لە قوتابخانە سوورەکەی گوندەکە بووی؟



**پیاو:**

نا، من لەوێ نەبووم.

**ژن:**

تۆ لە کوێوە هاتووی؟

**پیاو:**

لە هێبیسیاوە. پێم وتی. هێبیسیا.

**ژن:**

وە قسەت لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا کردبوو. لە ناوچە وێرانەکە؟

**پیاو:**

بەڵێ.

**ژن:**

لە نزیک سنوورەکە؟ لە نزیک قەتابخانەی گوندەکە؟ نووسەرێک کە جانتاکەی پڕە لە کامێرا؟.. بمبوورە، من ناتوانم بڕوات پێ بکەم.

**پیاو:**

بڕوا دەکەی یان نا ئەوەیە. ئێمە پێویستە بچینە دەرەوە و بڕۆین بۆ ماڵ لە هێبیسیا. ئێمە پێویستە بەیەکەوە کار بکەین.

**ژن:**

ماڵ لە هێبیسیا.

**پیاو:**

تۆ لەوێ پارێزراو دەبیت. چ چارەسەرێکی ترت لایە؟.... ئێمە لە نیو کاتژمێری تردا دەتوانین بڕۆین..... گەر تۆ ناتەوێ تەقەی لێ بکەی، دەتوانین بیبەستینەوە. ئەوە یەک گورزە حەبلە.... ئەو ناتوانێ شوێنمان بکەوێت.

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

من جانتاکەت هەڵدەگرم.

**ژن:**

جانتاکەم هەڵدەگریت؟

**پیاو:**

"*ڕوو دەکاتە سەربازەکە*"، تۆ بە چ جەهەننەمێک پێدەکەنی؟

**ژن:**

ئێستا بەیەکەوە لەگەڵ تۆ دەڕۆم. کێشە نییە با بمرم.

**پیاو:**

"*پاش کەمێک وەستان*"، ئۆکەی... باشە. من لەوێ بووم. لە قوتابخانە سوورەکە....وەمن.... بەڵام نەک وەک ئەوەی کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. "*ڕوو دەکاتە سەربازەکە*"، بەڵام نەک وەک ئەوەی تۆ بەم ژنەت وت سەبارەت بە من. "*ڕوو دەکاتە ژنەکە*"، سەیرکە. من ماوەی شەش مانگ لە ئاتابانیا بووم. چاودێری شەڕەکەم دەکرد بۆ ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی. من لە زانکۆکە بووم کاتێک کەسێک وێنەکانی منی دۆزییەوە...... ئەو ڕەنگە....چی دەڵێی؟..... هەڕەشەیە؟ مەترسی بۆ سەر سوپا. پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، شتی لەو بابەتە، تۆ دەزانی. من هەوڵم دا بڕۆم. بەڵام نەخێر. منیش لە لۆرییەکەدا بووم.... لە دوایدا ئێوارە بوو خوێندکارەکانی هاوڕێت... سیانیان....



**ژن:**

تۆ لە هەمان لۆریدا بووی؟

**پیاو:**

بەڵێ.... وە لە هەمان ژووری قوتابخانەی گوندەکە. ژوورێکی پۆل بوو..... شتێک لەسەر تەختەڕەشەکە کێشرابوو...... وێنەی منداڵێک... فریشتەیەک.... تۆ دەزانی ئەوان چیان کرد؟.... ئەوان دەمانچەیان لە سەر سەرم ڕاگرت و زۆریان لێ کردم..... تۆ هیچ شتێکی ترت نییە لەو کاتدا بیکەیت..... من بەشێک بووم لەو..... تۆ دەزانی..... ئەو.....ناشرینە.. بەڵێ، من ئەوەم کرد کە دەبوو نەمکردایە، بەڵام گەر نەمکردایە.... من پاڵەوان نییە..... من داوات لێ ناکەم کە بمبووری..... من ناتوانم لەخۆم ببوورم، تۆ دەزانی.... وە ئەو فریشتەیە.......

**ژن:**

فریشتە؟

**پیاو:**

بەڵێ. بە دوو چاو تەماشای دەکردم..... وە باڵە گەورەکانی....

**ژن:**

بەڕاست، وا نییە؟ فریشتەیەک لە وڵاتێکی موسوڵماندا؟

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*" حەزی لێ بوو، قنم. حەزی لێ بوو.

**پیاو:**

تۆ پێویستە بڕوام پێ بکەی..... ئەوە فریشتە بوو، تەماشای دەکردم. لەمەودوا ئەو فریشتەیە ژیانم داگیر دەکات.

**سەرباز:**

تۆ حەزت لێ بوو. دڵنیام کردووتە.

**پیاو:**

نا. نا.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە ژنەکە*"، سەیرکە تۆ ناتوانی زۆر لە پیاوێک بکەی بۆ لاقە کردن، قنم. ئەوە تەواو نەگونجاوە.

**ژن:**

"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*"، تۆ وتت ناتوانی کەس ئازار بدەی. بێگومان نەخێر. بەڵام لە هەمان کاتدا، تۆ دەزانی... ئەوە تۆی... وەک سەربازە ئەڵمانییەکان لە کەمپە زۆرەملێکاندا.....

**پیاو:**

بەڵێ..... من دەزانم. من کۆتاییم بەوێ هێنا.

**ژن:**

"*شانەکانی هەڵدەتەکێنێت*"، ئایا من پێویستە بە بەزەیی بم؟ پێت دەڵێم کە چۆن کۆتاییت بەوێ هێنا.

**پیاو:**

بۆچی نا. ئەوە ڕووی دا.

**ژن:**

نەخێر. بیرتە کە تۆ وتت.... لە هەر هۆکارێکدا شتێک لە پشتەوەی هەیە. ڕەنگە ئەوە دڵڕەقی یاخود شتێکی ناشرین یان هەر شتێکی تر بێت. بەڵام هەمیشە هۆیەک هەیە... تۆ ئەوێت



جێهێشت لەبەرئەوەی کە هەرگیز پرسیارت لەخۆت نەکرد: من لە چ بەرەیەکم؟ تۆ هیچ بەرەیەکت نەگرت. تۆ وێنەت دەگرت. شتە شاراوەکانی پشت کامێرا. تەماشاکردن. من نامەوێت تۆ تووش بیت...ئۆه نەخێر. وێنەکان، ئەوەیە کە من دەمەوێت.

**پیاو:**

باشە، باشە. بە چاوی سووک تەماشام بکە. من قەناعەت دەکەم. من دەزانم. تۆ هەموو مافێکت هەیە کە.... بەڵام بیرت نەچێت....

**ژن:**

چی بیر نەکەم؟

**پیاو:**

من ئێستا گرفتارم.

**ژن:**

چۆنچۆنی؟

**سەرباز:**

بەڵێ، تۆ لە کام بەرەیە بوویت؟

**ژن:**

پێمان بڵێ.

**سەرباز:**

بەڵێ پێمان بڵێ" بە *هێواشی بەرەو لای جانتای کامێراکان دەڕوات*".

**ژن:**

لە شوێنی خۆت بوەستە.

"*سەربازەکە خۆی گێل دەکات و قەپاغی فیلمەکە لێدەکاتەوە.*

*بەگومانەوە تەماشای پیاوەکە دەکات*".

**سەرباز:**

دەتوانم؟ بەڵێ؟ نەخێر؟

"*سەربازەکە دەیەوێت بجووڵێت*"

**ژن:**

نا! بوەستە.

"*سەربازەکە پێدەکەنێ و بەرەو ڕووی ژنەکە دەڕوات. ژنەکە دەترسێت و هەوڵ دەدات دەمانچەکە بتەقێنێت، بەڵام ناتەقێت. سەربازەکە دەمانچەکە لە دەست ژنەکە دەسێنێت*"

**سەرباز:**

"بە پێکەنینەوە"، دەبینی؟ ئێستا ئامادەیە بۆ تەقاندن."*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*" ئامادەیە بۆ بەکارهێنان."کەمێک *وەستان و ڕوو دەکاتە* ژنەکە"، قنم، ئێستا دەتەوێ چی بکەیت؟

**ژن:**

من؟

**سەرباز:**

دەیکوژی؟

**ژن:**

من دەمەوێ ئەم ترسەم بڕەوێتەوە.

**سەرباز:**

"بە بزەیەکەوە"، فکرەیەکی باشە، چۆن؟

**ژن:**

ئەوە پەیوەندی بە تۆوە هەیە، وا نییە؟



**پیاو:**

تۆ ناتەوێ ئێمە بکوژی، وا نییە؟

**سەرباز:**

من دەمەوێ تۆ بکوژم. من دڵنیا نیم کە ئەوە دەکەم.

**ژن:**

منیش دەکوژی؟

**سەرباز:**

نازانم. "*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*"، وابزانم تۆ ئێستا دەتوانی بڕۆی.

"پیاوەکە *بەگومانەوە تەماشای سەربازەکە* دەکات".

**سەرباز:**

بەڵێ تۆ دەتوانی بڕۆی.

**پیاو:**

"*ڕوو دەکاتە* ژنەکە"، ئێمە پێویستە بڕۆین.

**سەرباز:**

"*ڕوو دەکاتە پیاوەکە*"، نا تۆ دەتوانی بڕۆی."*ڕوو دەکاتە* ژنەکە"، تۆ دەتەوێ شوێنی بکەوی؟

**پیاو:**

بەڵێ. ئەو دەیەوێ لێرە بچێتە دەرەوە. من دەیبەم بۆ هێبیسیا.

**ژن:**

نەخێر.

**پیاو:**

ناتوانی لێم ببووری؟... ئەوان بەزۆر پێیان کردم.

**ژن:**

سوودی چییە گەر لە تۆ ببوورم. فریشتەکەت هەرگیز ناتبوورێت، لێت دەبوورێت؟

**پیاو:**

من دەمەوێ بتپارێزم. دەمبووری یان نا، ئەوە مەسەلەیەک نییە.

**ژن:**

من هەروەها لە ژووری پۆلەکە بووم.

**پیاو:**

؟؟.... نا.

**ژن:**

بەڵێ من لەوێ بووم. کاتێک هەموو ئەوانەی تر ڕۆیشتن. من پێم وتی. بیرت ماوە؟.... هیچ فریشتەیەک لەسەر تەختەڕەشەکە نەبوو.

**سەرباز:**

فریشتەی لێ نەبوو.

**ژن:**

برۆ بۆ هێبیسیا، جۆن، .... یان هەر شوێنێک کە تۆ ناوی دەنێی.

*"پیاوەکە سەیری سەربازەکە دەکات. سەربازەکە شانی دەجووڵێنێت و پەنجە بۆ لای دەرگاکە ڕادەکێشێت. پیاوەکە دوو جانتاکە هەڵدەگرێت"*

**سەرباز:**

نا. جانتاکان نا.



**پیاو:**

ناتوانم لەگەڵ خۆم بیانبەم؟

**سەرباز:**

نەخێر.

*"پیاوەکە جانتاکان لەسەر زەوییەکە دادەنێت".*

**سەرباز:**

تۆ حەز دەکەی بمێنیتەوە؟

**پیاو:**

*"ماوەیەک دەوەستێ ناتوانێ بڕیار بدات"* نا نەخێر، نامێنمەوە.

*"سەربازەکە دەرگاکە دەکاتەوە، پیاوەکە هەنگاو دەنێ بۆ دەرەوە".*

**ژن:**

هیوا دەخوازم بۆ تۆ........

*"پیاوەکە وەستاوە و تەماشای ژنەکە دەکات".*

**ژن:**

ئارەزووی ئەوە دەکەم کە فریشتەکەت نەبێتە خێو و لە کۆڵت بێتەوە.

*"پیاوەکە دەچێتە دەرەوە. سەربازەکە بە دوایدا دەچێتە دەرەوە و دەرگاکە دوای خۆی دادەخات. دەنگی تەقەیەک دەبیسترێت. سەربازەکە دەگەڕێتەوە. دەمانچەکەی دەخاتەوە نێو کیفەکەی"*

**سەرباز:**

نە فریشتە و نە خێو.

*"وەستانێک. هەردووکیان تەماشای یەکتری دەکەن"*

**سەرباز:**

هیچ پرسیارێکت هەیە؟

**ژن:**

نەخێر..... وەڵامەکان دەزانم.

سەربازەکە ملوانکەکە هەڵدەگرێت و بەرەو ژنەکە دەڕوات. ملوانکەکە دەکاتە ملی ژنەکە. دێتە دواوە و تەماشای دەکات. ژنەکە چاوەکانی داناخات. سەربازەکە دەست دەبات بۆ زەوییەکە و مشتێ کا هەڵدەگرێت و لەیەکی دەخشێنێت.

**ژن:**

تۆ هەوڵ دەدەی لاقەم بکەیت، وا نییە؟

**سەرباز:**

ئەوە پرسیارەکەت بوو؟

**ژن:**

نا.... من نامەوێت پرسیار بکەم.

*"سەربازەکە جانتاکە هەڵدەگرێت. مەبەستی ئەوەیە کە بە ناو کایەکەدا پەرش و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام ئەو بەرامبەر بە خوێنەکە وریایە. بە قێزەوە جارێک تەماشای خوێنەکە دەکات و جارێکیش سەیری ژنەکە دەکات"*

**سەرباز:**

تۆ.......؟؟؟

**ژن:**

بەڵێ.



**سەرباز:**

لە.....؟

**ژن:**

بەڵێ.

*"وەستانێک. دەگەڕێتەوە بۆ لای جانتاکە. دەڕوا بۆ لای دەرگاکە و دەیکاتەوە".*

**سەرباز:**

هێبیسیا.

*"ژنەکە جانتاکەی ئالاکا هەڵدەگرێت. ماوەیەک بە پاوە دەوەستێت. دواتر پەنجە بۆ جانتای کامێراکان ڕادەکێشێت".*

**سەرباز:**

نا.

ژنەکە بەرەو دەرگاکە دەڕوات. بەبێ ئەوەی تەماشای دەستەکانی و پارەکان بکات. دەچێتە دەرەوە. سەربازەکە دەرگاکە دادەخات و فیلمی کامێراکە ڕادەکێشێت و دەری دەهێنێت. ڕووناکییەکان کز دەبن. فیلمەکانی تری کامێراکە دەردەهێنێت. تەختەی سەر شانۆ تاریک دەبێت.

**کۆتایی**